

بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان سەرۆک بارزانی لە بەغدایە

# ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکووک ئایندەی دیموکراسی عێراق دیاری دەکات

هەڵوێستی دروستی سەرۆکی کوردستان بەرامبەر پیلانەکەی پەرلەمانی عێراق و رەتکردنەوەی دەست بەجێی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە و هەروەها هەڵوێستی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەو پەیامە بوو کە پێویستە لەمەودوا هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا بەشدار بن تێبگەن.

ئەوانەی لە زمانی نەرم و لێبووردەیی و دیالۆگ و سیاسەتی هاوچەرخانە تێناگەن، پێویستیان بەوەیە بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لە عێراقدا دۆستگەلێکی زۆریشمان هەیە کە پەرۆش بۆ ئایندەی عێراق و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە و برایانە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و فیدراڵیدا.

ئێمە دەزانین کە هاوکات لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك نارەزایی دەربڕینێك بەرامبەر ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تایبەت بە دواخستنی هەڵبژاردنی کوردستان، نزیکەی ٣٠ ئەندامی دیکەی لیستەکانی دیکەش هاتوونەتە دەرەوە و هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە، هەر بۆیە کاتێك سوپاسی گەرمی ئەو هەڵوێستەیان دەکەین، دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین و بڵێین بە داخەوە هەتا ئێستاش لایەنگرانی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن و درێژەدان بە سیاسەتی شۆڤینیانەی بەعس لە لایەنگرانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵ و فرەیی و پەرلەمانی زیاترن هەربۆیە لەم حاڵەتەدا و بۆ راستکردنەوەی ئەو لاسەنگییە هەروەك چۆن سەرۆکی کوردستان و سەرۆك کۆمار و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و تەواوی ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانەی هەڵوێستی جوامێرانەیان هەبووە، دەبێت زیاتر هەوڵ بدرێت ئەوانەشی کەوتوونە ناو پیلانی پاشماوەکانی رژێمی بەعس بە ئاگا بهێنرێنەوە و بهێنرێنە سەر رێگەی راست و راشکاوانە پێیان بڵێین ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکوك ئایندەی عێراق دیاری دەکات نەك پیلانگێری و گەلەکۆمەکی بۆ کودەتاکردن بەسەر دەستووردا.

## کەرکوك لە بەرنامەی سەرۆکی کوردستان لە بەغدا

کە راپۆرتی بیکەر-هاملتۆن بڵاوکرایەوە، بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق و میانگیری لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە لە بەغدا بوو، لە راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆندا، یەکێك لە راسپاردەکانی دواخستنی مەسەلەی کەرکوك و گەرانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بوو، هەربۆیە سەرۆك بارزانی لە بەغداوە بە هەموو جیهانی راگەیاند، جێبەجێکردنی ئەو راپۆرتە کە یەکێك لە راسپاردەکانی تایبەت بە کەرکوك، دەبێتە مایەی کارەسات و لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق.

سەرۆك بوش زیرەکانە لە پەیامەکەی سەرۆك بارزانی تێگەیشت، هەربۆیە دوای چەند کاتژمێرێك بە تەلەفۆن سەرۆکی کوردستانی ئاگادار کردەوە راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن راسپاردەیە و مەرج نییە ئەو راسپاردانە جێبەجێ بکرێن و، داڕێژەرانی راپۆرتەکەش هەڵەیان کردووە کە سەردانی کوردستانیان نەکردووە و لە هەستیاری ئەو مەسەلەیە لای کورد تێنەگەیشتوون، ئەم جارەش دیسان سەرۆك بوش زوو لە هەڵوێستی کورد سەبارەت بە ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوك و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك کە ٣٢ کورسییە بە رێژەی ١٠بە١٠بە١٠ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ٢ کورسیش بۆ کلدوئاشوری، هەربۆیە وتەبێژی فەرمی کۆشکی سپی نیگەرانی سەرۆك بوشی لەسەر ئەو یاسایە بە جیهان راگەیاند.

سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی کوردستانیش کە بێگومان بەرنامەیەکی چڕوپڕ و کۆمەڵێك دۆسیێ گرنگ لە خۆی دەگرێت، بەڵام مەسەلەی کەرکوك و پیلانەکەی پەرلەمانی عێراق لە سەرووی هەموو بەرنامەکانی دیکەی سەرۆکی کوردستانەوە دەبێت و دانانی خاڵ دەبێت لەسەر ئەو پیتانەی کە ئایندەی کەرکوك دەستنیشان دەکات.

نەرمی و لێبووردەیی سیاسەتی دووربینانەی سەرۆك بارزانی، گەلێك جار لە لایەن سیاسەتمەدارانی کەم ئەزموون بە هەڵە تەفسیری بۆ کراوە، هەروەك چۆن لە کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢ کاتێك رێنمایی عێراقییەکان دەکرد بەوەی بونیادنانەوەی عێراق لە رووخاندنی رژێم قورسترە و پێویستە لێبووردە بین و گیانی تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە بەلاوە بنێین، هەندێك لەو سیاسەتمەدارانەی عێراق پێیان وابوو سەرۆك بارزانی بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئەو قسانەی دەکات، هەربۆیە راشکاوانە بە هەمووانی راگەیاند ((کەس موزایەدەی سیاسی نەکات، هێندەی کورد کارەساتی بینیوە ئێوە نەتان بینیوە، بەڵام بونیادنانەوەی وڵات پێویستی بە سیاسەتی لۆژیکیانە و دووربینی و لێبووردەیی هەیە)).

ئەوان لەو زمانە سەردەمییەی بارزانی تێنەگەیشتن بۆیە ئەوە ٥ ساڵە عێراق ئازاد بووە، ئێستاش پرۆسەی سیاسی لە چوارگۆشەی یەکەمی شەترەنجی سیاسی عێراقدایە.

هەربۆیە سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ بەغدا بۆ ئەوەیە کە لە نزیکەوە و لەسەر زاری سەرۆکی کوردستانەوە لە هەستیاری کەرکوك تێبگەن، بۆ ئەوەیە بە هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بڵێت هەڵوێستی سەرکۆماری عێراق بەرێز مام جەلال هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانە و نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانە کە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە.



دەبێت زیاتر هەوڵ بدرێت ئەوانەشی کەوتوونە ناو پیلانی پاشماوەکانی رژێمی بەعس بە ئاگا بهێنرێنەوە و بهێنرێنە سەر رێگەی راست و راشکاوانە پێیان بڵێین ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکوك ئایندەی عێراق دیاری دەکات نەك پیلانگێری و گەلەکۆمەکی بۆ کودەتاکردن بەسەر دەستووردا

ئەوانەی لە زمانی نەرم و لێبووردەیی و دیالۆگ و سیاسەتی هاوچەرخانە تێناگەن، پێویستیان بەوەیە بە زمانی خۆیان قسەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لە عێراقدا دۆستگەلێکی زۆریشمان هەیە کە پەرۆش بۆ ئایندەی عێراق و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە

پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل بۆ گوڵان:

# پیلانەکەی پەرلەمانی عێراق بە تەنها دژی کوردو کەرکووک نەبوو بەڵکو دژی دیموکراسی و هەموو دەسکەوتەکانی عێراق بوو

**خاتوو سەفیە سوهەیل، کە پەرلەمانتاری عێراقە لەسەر لیستی ئەلعراقیە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی کە بنەماڵەکەیان کارەسات و چەرمەسەرییەکی زۆری بەدەستی رژێمی شۆڤێنی بەعس چەشتووەو هەر لەو پێناوەشدا باوکی لە سێدارە دراوە.**

**سەفیە سوهەیل پێش رووخاندنی رژێمی سەدام حوسێن یەکێك بووە لە چالاکڤانانی نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراق و بەردەوام داکۆکی لە دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق کردۆتەوە.**

**ئەمجارەش لەکاتی دەنگدانی نهێنی پەرلەمانی عێراق لەسەر ماددەی ٢٤ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوك هاوشان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیدا هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووەو دژی پیلانەکەی د. مەحمود مەشهەدانی هەڵوێستی وەرگرتوو.**

### بە کارهێنانی کەرکووک بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆری

سەبارەت بە چۆنییەتی دەنگدان لەسەر یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان و چۆنییەتی خستنەڕووی ئەم یاسایە لە ناو پەرلەماندا خاتوو سەفیە سوهەیل رای تایبەتی خۆی بە گوڵان راگەیاند:

«وەك ئەوەی لە ناو پەرلەمان گوێبیستی بووین، ئەوانەی لایەنگیری ئەم یاسایە بوون دەیانگوت ئەم چارەسەرە چارەسەرێکی تەوافقییەو سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکوك کۆ دەکاتەوەو تەنها چارەسەری نیشتمانییە، بەڵام کە سەیری سیستەمی دیموکراتی عێراق دەکەین ئەوە فەرز دەکات لەسەرمان کە پێش هەموو شت بە دەستوور پابەندبین، دووەمیش دەبێت ئێمە بە چارەسەری دیموکراتیانە رازی بین نەك ئەوەی پێی دەڵێن چارەسەری نیشتمانی، لەبەر ئەوەی لایەنگرانی یاساکە پێی دەڵێن چارەسەری نیشتمانی، خەڵکانێکی دیکەن وەك چارەسەرێکی نا نیشتمانیانە سەیری دەکەن.

هەربۆیە کە سەیرمان کرد ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن چارەسەری نیشتمانییە هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکو کۆمەڵێك خەڵکن خۆیان خەڵکی کەرکووك نین بەڵام دەیانەوێت بەشێوەیەکی بەردەوام کەرکووك بەکاربهێنن بۆ لە ریشەهەڵکێشانی دیموکراسی و گێڕانەوەی عێراق بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ سەردەمی شۆڤێنی و نا دیموکراتی.

### تایبەتمەندی کەرکووک ئەوەیە دۆسێی دەرەکی هەمەجۆری تێدایە

جیاکردنەوەی کەرکووك بەبیانووی ئەوەی پێکهاتەکەی تێکەڵە، نەك جێگەی سەرسوورمانە، بەڵکو نیشانەی گاڵتەجاڕیشە ئەمەش لەبەر ئەوەی ٪٥٠ی شارەکانی عێراق تێکەڵاون بە بەغدای پایتەختیشەوە سەبارەت بەم پیلانە کە بۆ کەرکووك دارێژراوە پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل گووتی: »تایبەتمەندی کەرکووك ئەوەیە بەردەوام دۆسێی دەرەکی تێدایەو بەردەوام دەست لە کاروباری کەرکووك وەردەدرێت، ئەم دۆسییە دەرەکیانەش لەلایەن کەسانی ئەملاو ئەولاوە دەهێنرێنە ناو کەرکووك و ئەوانەش لەسەر ئەم دۆسیانە کار دەکەن بەداخەوە ئەوانەن کە لە ناو تەوافوقی نیشتمانی و بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا کار دەکەن، بە بڕوای من هۆکاری سەرەکی ئەمەیە، بەڵام کێشەی کەرکووك کێشەیەکی سەرەکییەو تەمەنێکی درێژی هەیەو ئاسەواری رەفتارو سیاسەتە دڕندەکانی رژێمی پێشووی هەتا ئێستاش لەسەر ماوەتەوە، هەربۆیە پاشماوەکانی رژێمی سەدام و ئەوانەی دژی دیموکراسییەتی عێراقن زۆر بە توندی پشتی ئەو بۆچوونە دەگرن و دەیانەوێت لە دەرگای کەرکووکەوە بگەڕێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق و رژێمی شۆڤێنی بگەڕێننەوە حکومڕانی عێراقی نوێ بکات.

### ئەوەی روویدا نابێ دووبارە بێتەوە

ئەو پیلانەی پەرلەمانی عێراق نەك هەر خەڵکی کوردستانی نیگەران کرد، بەڵکو خەڵکی کوردستان هەستیان بەوەکرد کە پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەکی ناشرین هەستیان بریندار دەکات، هەربۆیە کاردانەوەکانیش شێوەیەك لە توندی پێوە دیاربوو، سەبارەت بەم هەست بریندارکردنەی گەلی کوردستان خاتوو سوهەیلە گووتی: »من بەشێوەیەکی دیکە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەم و پێموایە ئەو پارت و لایەنە عێراقیانەی راستەوخۆی بڕوایان بە پرۆسەی گۆڕانکاری عێراق هەیەو باوەڕیان بەوە هەیە کە پێویستە سیستەمێکی نوێ لە عێراق دابمەزرێت و بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکرێت کە ببێتە هۆکاری زیاتر سەپاندنی دیموکراسی، ئەوا پشتگیری هەوڵێك ناکەن کە ببێتە هۆکاری ناکۆکی و تێکدانی ریزی یەکێتی نیشتمانی عێراق، من پێموایە ئەوەی لە پەرلەمان روویدا جۆرێکە لە خراپ لێکحاڵیبوون، هەروەها بە کارهێنانی خەڵکانێك بوو بۆ مەسەلەیەکی ترسناك، هەربۆیە من پێموایە ئەوەی روویدا پیلانێکی گەورەبوو، ئامانجی ئەو پیلانەش بۆ



لەبەر یەك هەڵوەشانی سەرتاسەری پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕێگرتن بوو لەو ئامانجانەی کە بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی لە عێراقدا دەمانبات.

هەربۆیە من پێموایە لە قۆناخی ئایندە ئەو هەڵەیە ڕاستدەکرێتەوەو دڵنیام یەکێتی نیشتمانی عێراق لەسەر عەدالەتی مەسەلەی کەرکووك دێنەئاراوە ئەویش مەسەلەی تەوافوقی نیشتمانییە کە دەستووری عێراق بنەماکەیەتی، هەربۆیە من ئەمە بە دەرسێك دەزانم، دەرسێکی بەهێز بۆ ئەوانەی ویستیان لە دەستوور لابدەن، بۆ ئەوانەی ویستیان ببنە ڕێگر لەبەردەم عێراقی ئایندەدا، ئەوان ویستیان بەم پیلانە کەلێنێکی گەورە بخەنە ناو پێکهاتەکانی عێراق و بیانگێڕنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بەڵام سەرنەکەوتن».

## ئەگەر پێکهاتەیەکی گرنگ مەترسی لەسەربێت واتە نەمانتوانی عێراق بونیاد بنێینەوە

کاتێك سەرکردایەتی کوردستان تەواوی پابەندبوونی خۆی بۆ گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بە دەستووری عێراقەوە گرێداوەتەوە، هەموو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و جوگرافی لەبەردەستدا، کە کوردستانییەتی کەرکووك و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دەسەلمێنێ، بەڵام کورد کە ئەمە دەکات بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە دیکتاتۆی لە عێراقدا نەمێت و عێراقییەکان فێربن کێشەکانیان بەشێوەیەکی دەستووری و یاسایی چارەسەر بکەن سەبارەت بەم هەڵوێستەی کورد، خاتوو سەفیە گووتی:

«بێگومان پابەندبوون بە دەستوور بنەمای سەرکەوتنمانە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەی عێراق لە عێراقی نوێدا دابمەزرێتەوە، دەبێت ئەو کۆمەڵگەیە ڕەنگدانەوەی هەستی دڵنیایی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێت و ئەو دڵنیایەش مسۆگەر بێت و بپارێزرێت.

ئەوەی بەتایبەتی بەسەر کەرکووك هاتووە، زوڵمێکی زۆر لە کەرکووك کراوە، دیموگرافیای ئەو شارە شێوێنراوە، بەڵام دەستوور بەپێی ماددەی ١٤٠ گێڕانەوەی مافەکانی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی مسۆگەرکردووە، بۆیە گرنگە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق هەتا ئێستاش لە مەترسیدا بژی، پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە چیمان کردووە؟ ئایا چۆن دەتوانین عێراقی نوێ بونیادبنێینەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان.

## حکومەتی عێراق پابەندە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

دواخستنی ماددەی ١٤٠ کوردی نیگەران کردووە، دیدی کورد بۆ ئەم دواخستنە حکومەتی عێراق بە بەرپرسیار دەزانێت، هەر بۆیە کەمتەرخەمیش لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هۆکارێکی دیکەی نیگەرانی کوردە بە عێراقی ئایندە، سەبارەت بە جێبەجێرکردنی ماددەی ١٤٠، پەرلەمانتار سەفیە سوهیل گوتی:

(بەراستی من وای دەبینم حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و پابەندبوون بەو دەستوورەوە جدییە، بەڵام وەك هەموولایەکمان دەزانین حکمەتی عێراق حکومەتی یەکێتی نیشتمانییە، ئەمەش واتە فرەلایەنە، بۆچوونی ئەو لایانەش لێك جیاوازن و هەموویان وەك یەك نییە، هەربۆیە لە ناو ڕێککەوتنە سیاسییەکانیشدا جیاوازی لە هاوپەیمانیەکاندا هەیە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، هەر بۆیە گەلێك جار مەسەلەکە تێکەڵاو دەبێت و وا هەست دەکرێت لەلایەن حکومەتەوە پابەندبوون تەواو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نییە).

## مەسەلەی کەرکووک پەیوەندی بە نەوتەوە نییە

ئەگەر مەسەلەی کەرکووك بە سامانی نەوتەوە گرێدەدەنەوە و ئەمەش بۆتە هۆکاری نیگەرانی ئەوەی کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا حکومەتی کوردستان زۆر بەراشکاوی ئەم مەسەلەیەی یەکلایکردۆتەوە ، نەك نەوتی کەرکوك بەڵکو داهاتی هەموو سەرچاوە نەوتییەکان هەرێمی کوردستان بەداهاتی عێراقییەکان دەزانێت ، کەواتە بۆچی نیگەرانن لەسەر گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا خاتوو سوهەیلە گوتی( لە دەستووری عێراقدا هاتووە نەوت موڵکی هەموو گەلی عێراقە ئەمەش ئەو خاڵەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەی پابەندە و جەختی لەسەر دەکاتەوە، هەربۆیە ئێمە دڵنیاین کە مەسەلەی کەرکووك مەسەلەی نەوت و داهاتە نییە وەك هەندێك باسی لێوە دەکەن، ئێمە پێمان وایە مەسەلەش کەرکووك مەسەلەیەکی سەرەکی و بنەڕەتییە، مەسەلەیەکی بنەڕەتییە بۆ تاقیکردنەوەی هەموان بۆ چۆنییەتی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا.

هەر بۆیە مەسەلەکە بەشێوەیەکی دیکەیە، ئەوانەی بڕوایان بە دیموکراسی و گۆڕان هەیە و لە پێناوی بونیادی عێراقێکی نوێدا خەبات دەکەن مەسەلەی کەرکوك بەو شێوەیە سەیر دەکەن، بەڵام ئەوانەی دژی دیموکراتی و گۆڕانن و لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە دەستوور نییە هەوڵدەدەن دەستوور و دەسکەوتە دیموکراتییەکان نەهێڵن، بۆیە ئەوانە تەنیا دژی کورد نین بەڵکو دژی سەرجەم گەلی عێراقن، دوژمنی دیموکراسی و بونیادی عێراقی ئایندەن:

## ئەوەی پێی وا بێت لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەی کەرکووکدا براوە و دۆڕاو هەیە هەڵەیە

کە جێبەجێکردنی دەستور لە بەرژەوەندی سەرجەم عێراقییەکان بێت، کەواتە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ یش لە بەرژەوەندی سەرجەم عێراقییەکان، هەر بۆیە کە ئەم هەوڵانە دەبینین هەست بە نا ئومێدی دەکەین، سەبارەت بەم پرسە چارەنووسسازە گوتی:

( من دیسان دووپاتی دەکەمەوە ئەوەی لە پەرلەمان ڕوویدا پیلانێك بوو دژی دیموکراسییەتی عێراق، هەر بۆیە من پێموایە ئەوەی پێی وابێت لە مەسەلەی کەرکوکدا بڕاوە و دۆڕاو هەیە ئەوە هەڵەیە، هەر بۆیە بردنەوەی هەموو لایەکمان ئەوەیە جەخت لەسەر مافەکانی خەڵکی کەرکووك بکەینەوە بۆ ئەوەی بە ئیرادەی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

## کە نەهامەتییەکانی کەرکووک دەبینم هەست بە شەرمەزاری دەکەم

کەرکووك وەك هیچ شارێکی دیکەی عێراق نییە، ئەم شارە لەگەڵ ئەوەی لەسەر دەریایەك نەوتە، بەڵام شارێکی وێرانەیە، پێویستی بەوە هەیە چارەنووسی یەکلابکرێتەوە و دەست بە بوونیادنەوەی بکرێتەوە سەبارەت بە نەهامەتییەکان کەرکووك پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل گوتی:

(من زیاتر لە جارێك سەردانی کەرکووکم کردووە، بەراستی کە نەهامەتی ئەم شارە دەبینم کە پێشتر غەدری لێکراوە و ئێستایش ئەم غەدرە بەردەوامە، هەست بە شەرمەزاری دەکەم کەرکووك پێشتر پەراوێز خرابوو، ئێستاش ئەو بەراوێز خراویە بەردەوامە ، ئەگەر ٪١ی ئەو داهاتەی لە کەرکووك هەیە بۆ ئەو شارە خەرجبکرێتەوە ئەو شارە ئێستا بەو جۆرە نەدەبوو، خەڵکی کەرکووك هەتا ئێستا بەدەست نەهامەتییەوە دەناڵێن، هەتا ئێستا بوجەی تەواوی بۆ تەرخاننەکراوە بۆ ئەوەی ژێرخانی پەرەپێدانی ڕێك بخرێتەوە، دەستووری عێراق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، من نازانم چۆن بتوانین هەموو مافەکانی بۆ خەڵکی کەرکووك بگەڕێننەوە.

**پاشماوەکانی رژێمی سەدام و ئەوانەی دژی دیموکراسییەتی عێراقن زۆر بە توندی پشتی ئەو بۆچوونە دەگرن و دەیانەوێت لە دەرگای کەرکووکەوە بگەڕێنەوە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق و رژێمی شۆڤێنی بگەڕێننەوە حکومڕانی عێراقی نوێ بکات**

**دڵنیام یەکێتی نیشتمانی عێراق لەسەر عەدالەتی مەسەلەی کەرکووک دێتەئاراوە ئەویش مەسەلەی تەوافوقی نیشتمانییە کە دەستووری عێراق بنەماکەیەتی، هەربۆیە من ئەمە بە دەرسێک دەزانم، دەرسێکی بەهێز بۆ ئەوانەی ویستیان لە دەستوور لابدەن**

## ساڵح موتڵەگ پەرلەمانتاری عێراق:

■■■

**ساڵح موتڵەگ کە ئێستا سەرۆکی بەرەی عێراقی بۆ دیالۆگی نیشتمانییە، یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی عێراق کە زۆر بە توندی دژی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆسەر هەرێمی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش کە تیایدا داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکووک دەکات، بە باشترین یاسا دەزانێت و نیگەرانیشە لەو هەڵوێستە تووڕەیەی شەقامی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان.**

**لەم راپۆرتەدا بێجگە لە ساڵح موتڵەگ، رای بەڕێز خاتوو سەفیە سوهەیلیش بڵاو دەکەینەوە کە دوو بۆچوونی عەرەبی عێراقین بەرامبەر کەرکووک. راستە بۆچوونەکان لێك جیاوازن، بەڵام بە داخەوە ئەو عەرەبانەی وەك موتڵەگ بیر دەکەنەوە لەو عەرەبانە زیاترن وەك خاتوو سوهەیلە بیر دەکەنەوە، هەربۆیە بە باشمان زانی خوێنەرانی گوڵان بۆچوونەکەی دیکەش بخوێننەوە، لەبەرئەوە ساڵح موتڵەگمان هێنایە ئاخاوتن کە ئەمە دەقی قسەکانیەتی.**

■■■

# گەڕانەوەی کەرکووک بۆسەر هەرێمی کوردستان، کلیلی دابەشکردنی عێراقە



### لادان لە دەستووری عێراق لە پابەندبوون لە دەستوور باشترە

*** دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك و دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بە رێژەی ٣٢٪ بۆ هەر یەك لە تورکمان و عەرەب و لە ٤٪ بۆ کلدو ئاشوری، بە کودەتایەك بەسەر دەستووری عێراقدا حساب دەکرێت، لەبەر ئەوەی یاساکە دژی دەستوورە، ئایا ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە دەستوور بۆچی؟**

- بەخوا پێش هەموو شتێك حەز دەکەم بڵێم، یەکەم/ دەستوور لە بارودۆخێکی دیاریکراودا نووسراوە هەمووش دەزانین کە نارەزاییەکی توند لەسەر ئەو دەستوورە هەبووە، هەربۆیە ئەگەر ئەم دەستوورە بەم شێوەیەی ئێستای نەتوانێت ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات و عێراقییەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین، من پێموایە لادان لە دەستوورەکە لە پابەندبوون بە دەستوورەکە باشترە.

ئەوجا وێڕای ئەمانەش من پێموانییە ئەوەی روویداوە کودەتایەك بێت بەسەر دەستوورەکەدا کرابێت، لەبەر ئەوەی شێوازێکی تەوافوقییە بۆ لایەنە جیاوازەکان، شێوازێکە بۆ ئەوەی برایانی کەرکووك بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە دابنیشن بۆ ماوەی ٦ مانگ پاشان لەسەر ئەو شێوازەی لەسەری رێکدەکەون هەڵبژاردن ئەنجامدەدەن و یاسایەك بۆ هەڵبژاردنی کەرکووك دادەڕێژرێت.

من سەرم لەوە سوڕماوە ئەشکالییەت لەم مەسەلەیەدا چییە، بۆچی ئەم مەسەلەیە بو جۆرە گەورە کراوە، لە کاتێکدا مەسەلە پەیوەستە بە ٦ مانگ، دەبێت بزانین کە کەموکورتی لە باری ئیداری کەرکووك هەیە، بۆچی بواری ٦ مانگ بە خۆمان نەدەین هەتا هەموو لایەکان یەکسان بکەین.

### کەس ناڵێت موسڵ عێراقی نییە بەڵام داوا دەکەن کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان

*** ئەگەر بیانووی ئەم جیاکردنەوەیە بۆ کەرکووك لەبەر ئەوەیە کە کەرکووك پێکهاتەکەی تێکەڵاوە، ئەوا بە تەنیا کەرکووك لە عێراقدا شارێکی تێکەڵاو نییە، بەڵکو پێش هەر شارێك بەغدا کە پایتەختی عێراقە گەورەترین شاری کورد و شیعە و سونەیە، هەروەها موسڵ گەورەترین شاری کورد و عەرەب و تورکمانە بە هەمان شێوە دیالە و تکریت و بەسرا و عەمارەش، ئایا بۆ تەنیا کەرکووك جیا دەکرێتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی گرفتەکە پارێزگای کەرکووکە، کەس ناڵێت موسڵ یان بەسرا عێراقی نییە (موتڵەگ پێی وایە ئەگەر کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان عێراقی نییە «گوڵان»)

وە کەسیش ناڵێت هەولێر کوردی نییە، بەڵام لەسەر کەرکووك ئەشکالییەت هەیە هەندێك دەڵێن کەرکووك پارێزگایەکی عێراقییە، هەندێك دەڵێن دەبێت کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کەواتە لەم شارەدا گرفت هەیە و دەبێت ئەم گرفتە بە رێگەچارەی ئینتقالی چارەسەر بکرێت، پێش هەموو شتێك دەبێت هەموو باوەڕیان بەوە هەبێت پاشان دەنگدان وەك پارێزگاکانی دیکە ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکاتەوە.

لێرەدا دەخوازم ئەوە بڵێم، من یەکەم کەس بووم پێشنیاری ئەوەم خستە بەردەم حکومەتی ئێستای عێراق ((حکومەتی مالیکی)) لەو پێشنیارە گوتوومە پێویستمان بە قۆناخێکی ئینتقالی هەیە بۆ ئەوەی هەمو بەرپرسیارییەتی ((نەك دەسەڵات)) بەغدا بگرێتە ئەستۆ و بەغدا بکرێت بە چوار بازنە ٢٥٪ بۆ کورد،٢٥٪بۆ شیعە، ٢٥٪ بۆ سوننە،٢٥٪ بۆ کەمینەکان، یان ٣٠٪ بۆ هەر یەك لە کورد و شیعە و سوننە و ١٠٪ بۆ کەمینەکان، گوتوومە پێویستە لەم قۆناخە هەموو پێکەوە بەرپرسیارەتییەکە هەڵبگرین و هەمان شتیش بۆ مەسەلەی

کەرکووك، ئینجا نازانم لەم مەسەلەیەدا کێشەکە لە کوێدایە؟.

**هەڵە بوو ماددەی ١٤٠ خرایە دەستووری عێراقەوە**

*** بۆ سەلماندنی ناسنامەی راستەقینەی ئەم شارەش کە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەوەی هەموو بەڵگەیەکی مێژوویی و جوگرافی بەدەستەوەیە، بەڵام بەو میکانیزمە دەستوورییەی رازی بووە کە ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دایڕشتووە و رازییە بەوەی خەڵکی کەرکوك خۆی ئەو بڕیارە بدات، ئایا بەشێك دەبێت لە هەرێمی کوردستان یان نە، ئایا بۆچی دژایەتی ئەم هەڵوێستە هاوچەرخانەیەی کورد دەکرێت؟**

- تکاتان لێدەکەم لەم هەڵوێستە بە باشی تێبگەن، هەڵوێستی ئێمە ئەوە بووە کە دەنگمان لەسەر ئەم یاسایە داوە، ئەم یاسایە نە دژی کوردە و نەدژی تورکمان و نە عەرەبیش بەڵکو پەیامێکی پۆزەتیڤانەیە بۆ کورد و عەرەب و تورکمانە، من دڵنیام ئەم یاسایە لە بەرژەوەندی کوردە چۆن لە بەرژەوەندی تورکمان و عەرەبیشە، بۆیە دژی هیچ لایەك نییە، کاتێك باسی ماددەی ١٤٠ دەکەین، پێویست بوو ئەو ماددەیە لەو کاتەی بۆی دانرابوو جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بارودۆخێکی ئیستسنائیدا داڕێژرابوو راست نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێکردندا، ئێستا ئەو ماددەیە کۆتایی هاتووە، هەربۆیە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ماددەی ١٤٠ لە بنەڕەتدا یەکێکە لەو هەڵانەی کە خراوەتە ناو دەستوورەوە.

**مەزەندەمان نەدەکرد**
**سەرکردایەتی کورد بەو ئاستە توڕەبن**

*** سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو کارەی پەرلەمانی عێراق نەك هەر نیگەران بوون بەڵکو بەجۆرێك لەئیستیفزازکردن و بێ بەڵێنی لەقەڵەم دەدات،بەنیازە هەڵوێستی توند بگرێتە بەر ئەگەر پەرلەمانی عێراق چاو بە هەڵوێستی خۆیدا نەگێڕێتەوە، ئەگەر کورد بڕیاریدا مەرجی بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بە رەتکردنەوەی ئەم یاسایە، ئایا هەڵوێستی پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق چۆن دەبێت؟**

من پێم وایە بەشێك لەسەرکردە سیاسییەکانی کورد مەسەلەکەیان بەئاراستەیەکدا برد کە نە لەبەرژەوەندی کوردو نە لەبەرژەوەندی مەسەلەی کوردیشە، ئەم شێوازە هەڕەشەکردن و ئەو دەستەواژانەی بەکاردێن پێشتر لەسەری رانەهاتووین:

هەندێك دەڵێن شەڕ رادەگەیەنێ.

هەندێك دەڵێن هەڵوێستی توند وەردەگرین.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە دژی کێ هەڵوێستی توند وەردەگرن کورد عێراقییە، عەرەب عێراقییە، تورکمان عێراقییە.

- ئەمڕۆ ئێمە لە ژێر داگیرکاریداین،ئەوەی پێشتر روویداوە لە ژێر داگیرکاری روویداوە زۆر شت روویداوە قەناعەتمان پێی نەبووە، من پێموایە گوتارەکان هێور بکرێتەوە هەتا ئەو کاتەی هەموو پێکەوە دادەنیشین و کێشەکان چارەسەربکرێت هەر بەم بۆنەیەوە من کاتێك گوێم لێدەبێت، بەڵکو هەستم بەزمان لێکتێنەگەیشتن و ئامادەباشی بۆ لێکتێگەیشتن، ئامادەباشی بۆ چارەسەکردنی کێشەکان کرد، بەڵام هەڵکشان و توندبوونی هەڵوێست بەم شێوەیە، من پێموایە لەبەرژەوەندی کەس نییە، ئەم کێشەیە بەبێ دیالۆگ چارەسەر ناکرێت، ئەگەر بەدیموکراتی نەدەتوانرا چارەسەربکرێت پەنا بۆ رێگەی دیکە دەبەین و هەموو گرفتەکانیش هەر کەرکووك نییە!

*** ئاستەنگ دروستکردن بۆ نەگەڕانەوەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە بەرێگەی دەستووریی و دیموکراتیانە واتە گێڕانەوەی عێراق بۆ دیکتاتۆری و بۆ فەرزکردن و خۆسەپاندن بەزەبری هێز،ئەمەش سەر لەنوێ ئەو مێژووە خوێناوییە دووبارە دەکاتەوە کە لەماوەی ٩٠-٨٠ ساڵی رابردوو عێراقییەکان بەدەستییەوە ناڵاندویانە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموولایەك لەوە بگەن کە چیتر عێراقییەکان کارەساتیان بەسەردا نەیەت و شایستەی ئەوەن کە بەئارامی و سەقامگیری و ئاشتیانە و پێکەوە ژیانی برایانە بژین؟**

- وەڵڵا من بەتەواوەتی لەگەڵ بەڕێزت کۆکم، جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر دیموکراتی دەبێتە مایەی ئاژاوە، با رێگەیەکی دیکە بگرین، ئێمە عێراقین دەبێت هەموو شێوازەکان تاقیبکەینەوە کە دەبێتە هۆکاری پێکەوەژیان و خۆشەویستی لەنێوانماندا. برای بەڕێزم جەختکردن لەسەر ئەوەی کەرکوك ببێتە پارێزگایەکی کوردستان، لای خەڵکانی دیکە بەپێشلکاری دادەنرێت ئەم پرۆژیەی کورد بەپرۆژەی جیابوونەوە دادەنێت، هەتا نامەیەکی دڵنیاکەرەوە لەلایەن برا کوردەکانەوە نەدرێت بە عێراقییەکان، من بە ئەمانەت ئەو قسەیە دەکەم گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، واتە کلیلی چارەسەری دابەشکردنی عێراق، هەتا ئەگەر لەسەردەمی ئەم سەرکردایەتییە سیاسیەی ئێستای کوردیشدا ئەوە روونەدات رۆژێك هەر روودەدات، هەر بۆیە گەرنتی یەکپارچەیی عێراق ئەوەیە کەرکووك پارێزگایەکی عێراقی بێت، سەر بەهیچ هەرێمێك نەبێت کە سبەینێ جیاببێتەوە یان بیر لە جیابوونەوە بکاتەوە، ئەمە بۆچوونی منەو دەبێ ئەم مەسەلەیە بەو جۆرە یەکلایی بکرێتەوە ئەو مەسەلەیەش ئێستا باس دەکرێت گرفت بۆ عێراق دروست دەکات و زیانی بۆ کوردو عەرەب هەیە، هەر بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کێشەی کەرکووك بەچارەسەرێکی عێراقیانە چارەسەربکرێت، تەنانەت پێویستیان بەنەتەوە یەکگرتووەکانیش نییە، هەر بۆیە من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەو گیانی وتوێژەی لەسەرکردەکانی کورد بینیومە کاری پێ بکەین دەتوانین بگەینە ئەنجام.

*** باشە ئەگەر عەرەبی عێراق گومانیان لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك هەیەو پێیان وایە گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناهەقییە، با ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییانە بخەنە روو کە ئەو بۆچوونەیان دەسەلمێنێت، ئەگەر دەشیانەوێت شەرعییەت بدەن بەو رەفتارە دڕاندانەی رژێمی بەعس کە لەمیانەی پرۆسەکانی تەرعیب و تەرحیل و تەهجیری ناسنامەو دیمۆگرافیای ئەم شارەی گۆڕیوە، با راشکاوانە ئەوە بەڕای گشتی کوردستان و عێراق بڵێن، ئەگەر ئەم نیازەشیان نییە بۆ ئاستەنگ بۆ پرۆسە دەستووری و یاساییەکە دروست دەکەن؟**

- تەعریب هەڵەیەکی گەروە بوو لەکەرکووکدا کرا، بەڵام تەکرید لەکەرکووك هەڵەیەکی گەورەترە، تەکرید بەشێوازێك کراوە زۆر لەوە زیاترە کە پێشتر کراوە، من تکام وایە سەرکردایەتی کورد لەوە تێبگەن ئەو هاوپەیمانیانەی لەسەرەتای داگیرکارییەوە هەتا ئێستاش دەیکەن، ئەوە هاوپەیمانی خاوەن بەرژەوەندییەکانەو هاوپەیمانی لەسەر مەبدەئی نییە، بەرژەوەندی رۆژێك هەر کۆتایی دێت، بەڵام مەبدەئی دەمێنێتەوە، هەموو ئەو هاوپەیمانیانەی گرێدراون بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بووە، تەنازولێکی زۆر لەسەر زۆر مەسەلە کراوە کە پەیوەندی بەیەکپارچەیی عێراقەوە هەیە، هەر بۆیە زۆر گرنگە کورد هاوپەیمانی عێراقییەکان بێت نەك لەگەڵ ئەو پارتەی بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت و ئامادەیە هەموو شتێك لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵاتدا.

●●●

**من یەکەم کەس بووم پێشنیاری ئەوەم خستە بەردەم حکومەتی ئێستای عێراق ((حکومەتی مالیکی)) لەو پێشنیارە گوتوومە پێویستمان بە قۆناخێکی ئینتقالی هەیە بۆ ئەوەی هەمو بەرپرسیارییەتی ((نەک دەسەڵات)) بەغدا بگرێتە ئەستۆ و بەغدا بکرێت بە چوار بازنە ٢٥٪ بۆ کورد،٢٥٪بۆ شیعە، ٢٥٪ بۆ سوننە،٢٥٪ بۆ کەمینەکان، یان ٣٠٪ بۆ هەر یەک لە کورد و شیعە و سوننە و ١٠٪ بۆ کەمینەکان، گوتوومە پێویستە لەم قۆناخە هەموو پێکەوە بەرپرسیارەتییەکە هەڵبگرین و هەمان شتیش بۆ مەسەلەی کەرکووک**

●●●

●●●

**ئەگەر دیموکراتی دەبێتە مایەی ئاژاوە، با رێگەیەکی دیکە بگرین، ئێمە عێراقین دەبێت هەموو شێوازەکان تاقیبکەینەوە کە دەبێتە هۆکاری پێکەوەژیان و خۆشەویستی لەنێوانماندا**

●●●

●●●


**ئەمانەت ئەو قسەیە دەکەم گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، واتە کلیلی چارەسەری دابەشکردنی عێراق، هەتا ئەگەر لەسەردەمی ئەم سەرکردایەتییە سیاسیەی ئێستای کوردیشدا ئەوە روونەدات رۆژێک هەر روودەدات، هەر بۆیە گەرنتی یەکپارچەیی عێراق ئەوەیە کەرکووک پارێزگایەکی عێراقی بێت**

●●●

پەرلەمانتار عەبدولخالق زەنگەنە نوێنەری کەرکووک بۆ گوڵان:

# کاردانەوەی توندی کورد هەڵوێستی هەڵەی زۆر کەسی ڕاستکردەوە

**پەرلەمانتار عەبدولخالق زەنگەنە، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، نوێنەری شاری کەرکووکە، سەبارەت بە دەنگدانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، زۆر بە توندی ڕەخنە لە بێ بەڵێنی ئەو هاوپەیمانانە دەگرێت کە پێش پرۆسەی دەنگدانەکە لەسەر شێوازێك بۆ دەنگدان ڕێککەوتوون، هەروەها هەڵوێستی د. مەحمود مەشهەدانی بە دژی دەستوور و خۆسەپاندن لە قەڵەمدەدەن سەبارەت بە وردەکارییەکانی پیلانی ئەو پرۆسەی دەنگدانە، بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**



*** ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو دوای هاتنە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵێك پەرلەمانتارانی دیکە، یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانیان تێپەڕاند، ئێمە دەمانەوێت لە بەڕێزت بپرسین ئایا وردەکاری ئەو پرۆسەی دەنگدانە چۆن بوو؟**

- ئەم یاسایە دەمێکە وتووێژی لەسەر دەکرێت، هەندێك لە پەرلەمانتارانی عەرەب و تورکمان ئەسڵەن هەر لەگەڵ ئەوە نەبوون، هەڵبژاردن لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بکرێت، واتە ئەو ڕێژانە دابنرێت و تەواو، سەبارەت بە هاتنی ئەم یاسایە بۆ پەرلەمانی عێراق، بێگومان لەناو پەرلەماندا لیژنەیەك هەیە پێی دەڵێن شانەی چارەسەرکردنی تەنگژەی کەرکووك (خلیە حل لازمە کرکوك) کە من پێیان دەڵێم شانەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەناو پەرلەمانی عێراقدا، ئەم شانەیە پێشنیاری ئەوەیان کرد کە هەڵبژاردن لەسەر ئەو بنەمایە بکرێت کورد و عەرەب و تورکمان هەریەکەیان بە ڕێژەی ٪٣٢ ، ٪٤یش بۆ کلدان و ئاشوورییەکان.

ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئەوەمان ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی ڕای ئێمە بەو جۆرەیە کە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەوا دەبێت وەك سەرجەم پارێزگاکان عێراق بەبێ جیاواز لەسەر ئاستی هەموو پارێزگای کەرکووك بکرێت، ئەگەر بیانووەکە ئەوەیە پێکهاتەی کەرکووك تێکەڵاوە، ئەوا موسڵ و دیالە و عەمارە و بەسرە و بەغداش تێکەڵاوە، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارە بە دژی دیموکراتی و مافی دەنگدەر لە قەڵەمدا. بەڵام ئەوان جەختیان کردو سووربوون لەسەر ئەو مەسەلەیە، دوای ئەوە مەسەلەی دواخستنی هەڵبژاردن هاتە پێشەوە بە بیانووی ئەوەی بارودۆخی کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتییە، بەڵام دوای وتووێژێکی زۆر کۆمەڵێك ڕێککەوتن گەیشتنە شێوازێك بە تایبەتی لەگەڵ لیستی هاوبەندی عێراق (ئیئتیلاف شیعە) کە ئەو یاسایە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان جەختیان لەوە دەکرد کە ئەو یاسایە پەسەند بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ٢٠٠٨ هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت.

*** ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو چۆن دەنگدرا، ئایا ئێوە هەر لە سەرەتاوە کشانەوە یان بەشداربوون لە وتووێژەکانی ناو پەرلەمان؟**

- ڕێککەوتنی ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان بەوجۆرە بوو کە ماددەکانی نێو یاسا کە هەمووی وتووێژی لەسەر بکرێت و پاشان بە ئاشکرا بخرێتە دەنگدانەوە هەربۆیە دەستکرا بە وتووێژ لە ماددەی ١-٢٣ بە وتووێژ و دەنگدانی ئاشکرا کە هاتە سەر ماددە ٢٤ کە تایبەتە بە دواخستنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك سەرۆکی پەرلەمانی داوای کرد کە ئەم ماددەیە بە نهێنی دەنگی لەسەر بدرێت. ئێمە لە سەرۆکی پەرلەمانمان پرسی بۆچی ئەو ٢٣ ماددەیەی دیکە بە ئاشکرا دەنگی لەسەر درا، بۆ ماددەی ١٤ بە نهێنی، بۆیە هەستمان کرد پیلانێك هەیە دژی ئەو ڕێککەوتنەی هاوپەیمانی کوردستان کە لەگەڵ بەشێکی زۆری لیستی ئیئتیلافی کردوومانە لە بەرامبەر ئەو پرۆژەی تورکمان و عەرەبە شۆڤێنەکان کە داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکووك دەکەن و داوا دەکەن سەر لەنوێ داگیری بکەنەوە و سوپا لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بهێنن بۆ کەرکووك و کورسییەکانی

ئەنجوومەنـــی پارێزگای کەرکووکیش کە ٣٢ کورســـییە ١٠بە ١٠بـــە١٠ بۆ کورد و عـــەرەب و تورکمان بـــەش بکرێت و ٢ کورسیش بۆ کلدو ئاشوری بێت.

هەربۆیە ئێمە داوامان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد کە دەنگدانی نهێنـــی لە چەند حاڵەتێکدا دەکرێـــت، بە پێچەوانەوە ئەو دژی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە لەوانەش:

-١ بۆ هەڵبژاردن ســـەرۆك کۆمار و ســـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران.

-٢ سەبارەت بە مادە دەســـتوورییەکان دەبێت هەمووی ئاشکرا بێت، ئەگەر رێککەوتنیش بکرێت ئەوا بۆ دەنگدان لەسەر هەموو یاساکە دەکرێت نەك لەسەر یەك ماددەی نێو یاسایەك.

بە داخەوە د. مەحمود مەشـــهەدانی ســـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بەبێ راوێژکردن لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی ماددەکەی خستە دەنگدانی نهێنی، ئەوەبوو ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان هاتینە دەرەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون.

*** پـــاش هاتنـــە دەرەوەی ئێوە لە دەنگدان ئایـــا ژمارەی ئەو ئەندامانـــەی مابوونەوە چەند ئەندام بـــوون و چەند ئەندامیش بوون کە هاتنە دەرەوە؟**

- کـــە هاتینە دەرەوە لە کۆی ٢٢٧ ئەنـــدام، ١٤٠ ئەندام لەناو هۆڵی پەرلەمـــان مابوونەوە، ئەمـــەش دەکاتە رێژەی ٥٠+١ ژمارەی ئەندامانـــی پەرلەمانی لە بنەڕەتـــدا ٢٧٥ ئەندامە، بەمەش توانیان نیسابی یاســـایی دروست بکەن دەنگ لەسەر یاساکە بدەن بە داخەوە ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی ئیئتیلاف بە بەڵێنی خۆیان پابەندنەبوون ویســـتیان تاکتیك بکەن یان وەك عەرەب دەڵێن بازووی کورد و با بدەن و دەرســـێکمان بدەنێ، هەر بۆیە توانیان ئەو یاسایە تێپەڕێنن بە ١٢٧ دەنگ لە کۆی ١٤٠ دەنگ ، هەربۆیە ئێمە بە توندی دژی وەســـتاین لەبەر ئەوەی دژی دەستووری عێراقە.

ئـــەوەی جێگـــەی ئاماژەپێکردنـــە کۆمەڵێـــك پەرلەمانتاری دیکەی عێراقی لەگەڵمان هاتنەدەر وەك لیســـتی ئەلعێراقییە، شیوعییەکان، سەربەخۆکان، بەشێك لە پەرلەمانتارانی ئیئتیلاف، بەڵام بەراستی بەشێکیشـــان لە پیلانەکە بەشداربوون، ئەمەش بەو جۆرە ســـەرۆکی لیستەکە هاتۆتە دەرەوە لەگەڵمان بەڵام بە پەرلەمانتارەکانی گوتووە بمێننەوە، هەر بۆ نموونە لە ناو حزبی دەعوا یەکێك لەبەر پرسەکان هاتەدەروە لەگەڵمان دوانیان مایەوە، لە ئەنجوومەنی باڵاش بەشێك مانەوە، حزبی فەزیلە هەموویان مانەوە تەیاری ســـەدر مانەوە، زۆربەی لیستی ئەلعێراقییەی ســـەر بە ئەیاد عەلاوی مانەوە گرووپی ســـاڵح موتڵەك مانەوە و رۆڵێکی خراپیشـــیان گێڕا، پەرلەمانتارانی حزبی ئیسلامی مانەوە .

*** وێڕای هەموو ئەمانە هەڵوێســـتی ســـەرکۆمار و سەرۆکی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پشتگیری بوو بۆ هاوپەیمانی کوردستان، ئایا ئەمە چۆن سەیر دەکەن؟**

- بەڕاستی ئەمە دەرسێکی باش بوو، ئەو هەڵوێستە توندە بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرکەس بە خۆیدا بچێتەوە، تەنانەت زۆریان هاتوون بۆ لام پێیان گوتم کە بەسەریاندا تێپەڕبوو، ئێمەش پێمان گوتن، دەبێت بزانن هەڵوێستی کورد هێندە ئاسان نییە بتوانن بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕین بۆیە دوای رەتکردنەوەی لەلایەن بەڕێز مام جەلال سەرکۆمار و عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆمار ئەو یاســـایە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، پێموایە لەم چەند رۆژی دادێ دەبێت جارێکی دیکە بخرێتە دەنگدانەوە.

*** ئەی ئەگەر ئەمجارەش ئەو یاسایان بەو جۆرە تێپەڕاندووە؟**

- مـــن پێموایە ئەمجـــارە زەحمەتـــە وابێـــت، بەتایبەتی کە پێشـــنیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەیە، ئەو پێشنیارەی UN لەگـــەڵ بۆچوونی ئێمە نزیکە لەگـــەڵ ئەوەی داوای دابەشـــکردنی پۆســـتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دەکات واتە (سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، پارێزگار، جێگری پارێزگار).

ئێمە ئەمە بە نایاســـایی دەزانین، بەڵام ئەگەر دابەشـــکردنەکە بۆ پۆســـتە ئیدارییەکانی ناو کەرکووك بێت ئەوا ئاســـاییە، بە رێککەوتن لە ناو ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەری رێککدەکەون.

●●●
**بە داخەوە ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی ئیئتیلاف بە بەڵێنی خۆیان پابەندنەبوون ویستیان تاکتیك بکەن یان وەك عەرەب دەڵێن بازووی کورد با بدەن و دەرسێکمان بدەنێ**
●●●

●●●
**دوای رەتکردنەوەی پرۆژەی یاسای پارێزگاکان لەلایەن بەڕێز مام جەلال سەرکۆمار و عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆمار ئەو یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، پێموایە لەم چەند رۆژی دادێ دەبێت جارێکی دیکە بخرێتە دەنگدانەوە**
●●●



●●●
**پێشنیاری UN لەگەڵ بۆچوونی ئێمە نزیکە لەگەڵ ئەوەی داوای دابەشکردنی پۆستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دەکات واتە (سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، پارێزگار، جێگری پارێزگار)**
●●●

# بۆ ئەوەی زیادکردنی مووچەرەنگ

## دەبێت کەرتی تایبەت مانای ململانێ و هەلی

دروستبوونی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا و هەنگاوهەڵگرتن بۆ ژیانی خۆشگوزەرانی هاوکێشەیەکە بە تەنیا بە حکومەت جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو کارێکی هاوبەشی نێوان حکومەت و سەرجەم هاووڵاتییان و پیاوانی کار و بازرگانەکانە، ئەم هاوکێشە لەو چوارچێوەیەدا راڤە دەکرێت کە پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی نێو ئەم هاوکێشە وەڵامدانەوە و کاریگەری پۆزەتیڤانەیان لەسەر یەکتری هەبێت.

پسپۆڕانی زانستی ئابووری و کۆمەڵناسی ئاستی هاوبەشیکردن و بەشداری هاووڵاتییان و تەواوی کەرتی تایبەت، بۆ سەرکەوتنی بڕیارە ئابوورییەکانی حکومەت بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانن، هەر ئەم ئاستی هۆشیارییەش دەکەنە پێوانە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا و ئاستی پەرەپێدان لەسەرجەم بوارەکاندا.

کاتێك باس لە دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بواری بوژاندنەوەی ئابووری و رێکخستنی بازاڕ و بایەخدان بە کەرتی تایبەت دەکەین، پێمانوایە کە گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری بازاڕ و بایەخدان بە کەرتی تایبەت ئەو گۆچانە سیحرییە کە لە شەو و رۆژێکدا هەمان ئەزموون بە سەرکەوتوویی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دووبارە دەبێتەوە.

بەڵام کاتێك سەیری ئەزموونە فاشیلەکان دەکەین، دەبینین لە قۆناخی وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ بوونەتە هۆکاری ئەو فاشیل بوونە و لەسەرەتاشەوە هیچ کام لەو فاکتەرەدا لەبەرچاو نەگیراون، هەربۆیە زۆر گرنگە لە قۆناخی وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت ئەو خاڵە گرنگانە لەبەرچاو بگرین کە پەیوەندی بە کۆمەڵگە و چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم بوارە گرنگە هەیە لەوانە:

**١-** کاتێك حکومەت سیاسەت و ستراتیژییەتی ئابووری خۆی لەسەر بنەمای ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت دادەرێژێت، پێویستە بەردەوام رەچاوی ئاستی وەڵامدانەوەی خەڵك بکات و بە شوێن ئەو هۆکارانە بکەوێت کە بوونەتە هۆکاری نزمی ئاستی وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤانە یاخود دژایەتیکردنی ئەو ستراتیژ و سیاسەتە.

**٢-** حکومەت کاتێك هەنگاو بۆ ئەم ستراتیژە هەڵدەگرێت، دەبێت بە گرنگییەوە لەسەر ئەو خاڵە هەڵوەستە بکات، کە ئەم ستراتیژە بەبێ بوونی ئاستێکی بەرزی هۆشیاری هاووڵاتییان سەرکەوتوو نابێت، بۆیە پێویستە هاوکات لەگەڵ هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە، پێویستە پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییانیش هاوشانی پرۆسەکە بێت.

**٣-** دەبێت هاووڵاتییان ئەو متمانەیەیان بە حکومەتی خۆیان هەبێت کە تەنیا بە کارکردن و هاوبەشیکردن خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، بێگومان لەم پرۆسەیەدا مەبەست تەنیا کارکردن و هاوبەشیکردنی پیاوان نییە، بەڵکو پرۆسەکە پێویستی بە کارکردن و هاوبەشیکردنی تەواوی کۆمەڵگایەوە هەیە بە پیاوان و ئافرەتانەوە، لەم حاڵەتە پێویستە کۆمەڵگە ئامادەباشی تێدا بێت، یان دەبێت ئەو ئامادەباشییەی تێدا دروست بکرێت کە ئازادی ئافرەت قبووڵ بکات، زەمینەی سازکردنی ئەم ئامادەباشییەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ و یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە.

**٤-** بایەخدان بە کەرتی تایبەت و بە تایبەتکردنی بەشێکی زۆری کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت، دەبێت رەنگدانەوەی ئیجابیانەی دەست بەجێ و هەنگاو بە هەنگاوی هەبێت و پێویستە هاووڵاتییان هەست بکەن کە ئەم وەرچەرخانە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ژیانێکی خۆشگوزەرانی و

●●●

**کاتێک باس لە دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بواری بوژاندنەوەی ئابووری و رێکخستنی بازاڕ و بایەخدان بە کەرتی تایبەت دەکەین، پێمانوایە کە گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری بازاڕ و بایەخدان بە کەرتی تایبەت ئەو گۆچانە سیحرییەیە کە لە شەو و رۆژێکدا هەمان ئەزموون بە سەرکەوتوویی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دووبارە دەبێتەوە**

●●●



# ـــدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی هەبێت

## کار و دابەزاندنی نرخ بێت، نەک قۆرخکردن

کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوویان دەبات.

ئـــەم هەســـتکردنەی هاووڵاتییان بـــەو گۆڕانکارییانە، بـــە بڕیار و ڕێکلامکردن دروســـت نابێت، بەڵکو دەبێت هاووڵاتییان لەسەر ئەرزی واقیع هەســـت بەو گۆڕانکارییانە بکەن، ئەمەش بـــەو مانایە نابێت وەرچەرخان لە کەرتی گشـــتییەوە بۆ کەرتی تایبەت ببێتە هۆکاری ئیستغلال کردنی هاووڵاتی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان و نزمبوونەوەی ئاســـتی کوالیتی کاڵاکان و زیادبوونی بێ کاری.

هـــەر وەرچەرخانێك لـــە کەرتی گشـــتییەوە بۆ کەرتـــی تایبەت ئەم ئاکامانەی لێ بکەوێتەوە، بە هەڵە تێگەیشـــتن و بە هەڵە تەفســـیرکردنی بنەمـــای ئابووری بازاڕە، هەربۆیە کاتێـــك دەکەوێتە بەردەم ئەم دیاردەیە، نابێـــت چاوەڕێی ئەوە لە هاووڵاتییان بکەین کە هەســـتێکی پۆزەتیڤانەیان بەرامبـــەر کەرتی تایبەت و ئابووری بازاڕ هەبێت، بە پێچەوانەوە کە ئەمە زەنگێکی ترســـناکە هاووڵاتییان ڕووبەڕووی نائومێدبوون و بێ متمانەیی بەو ستراتیژە دەکاتەوە.

٥- بـــۆ ئەوەی خۆمان ڕووبەڕووی ئەم مەترســـییە گەورەیە نەکەینەوە، پێویســـتە حکومەت کاتێك هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی ئابووری بـــازاڕ هەڵدەگرێت، ڕێوشـــوێنی گونجاو بۆ چۆنییەتی هەڵســـوڕاندنی کەرتـــی تایبەت بگرێتە بەر و، زۆر گرنگە لـــەو حاڵەتانەی لە بوارێکدا ســـەرکەوتن بەدەســـت ناهێنێت بـــە زوویی لەســـەر هۆکاری ئەو سەرکەوتنانە ڕابوەستین و ڕاســـتی بکەینەوە، دەبێـــت هەمووومان ئەو ڕاســـتییەمان لەبەرچاو بێت کـــە ئێمە یەکەم وڵات نین دەســـتمان بەم پرۆســـەیە کردووە و یەکەم وڵاتیش نین کە لە هەندێك بواری کەرتی تایبەت و بە تایبەتکردنی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت کەموکوڕیمان هەیە یان سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە.

ئەو پســـپۆڕانەی بۆ ئـــەم ڕاپۆرتە تایبەت بە گوڵان قســـەیان کردووە ئامـــاژە بەوە دەکەن لە بەریتانیا بە تایبەتکردنی کەرتی شـــەمەندەفەر لە سەرەتادا ســـەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، لە ڕووسیا بە تایبەتکردنی نەوت سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، هەربۆیە زۆر ئاساییە ئێمەش وەك حکومەت و کەرتـــی تایبەت و هاووڵاتییـــان دان بەو ڕاســـتییەدا بنێین مەرج نییە لە هەموو بوارەکانی ئەم گواســـتنەوەیە لە کەرتی گشـــتییەوە بۆ کەرتی تایبەت ســـەرکەوتوو بین و هەروا ئاسایشە هەڵوەســـتەی لەسەر بکەین و هۆکاری سەرنەکەوتنەکانمان بزانین و هەموومان هاوکاری حکومەت بکەین بـــۆ ئەوەی بە نەخشـــە و بەرنامەیەکی نوێ ئەو شکســـتانە بکەینەوە بە سەرکەوتن.

٦- پرۆفیســـۆر ریچارد ران کە یەکێکە لە ئابووریناسە بە ناوبانگەکانی ئامۆژگای کاتۆ و بە دەیان کتێب و بە سەدان توێژینەوە و دیراساتی لەسەر ئەزموونی شکســـت و سەرکەوتنی وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕ هەیە، بە تایبەت بۆ گوڵان لەســـەر ئەم مەسەلە گرنگە و چۆنییەتـــی پەرەپێدانی ئابووری ئاماژەی بـــەوە کردبوو، کە گرنگترین مەســـەلە لەم پرۆسەیە ئاکامی پرۆسەکەیە و دەبێت ئاکامی پرۆسەکە ڕەنگدانـــەوەی پۆزەتیڤانەی لای هاووڵاتی و لەسەر

**٦- پرۆفیسۆر ریچارد ران کە یەکێکە لە ئابووریناسە بە ناوبانگەکانی ئامۆژگای کاتۆ دەڵێت: ئەگەر ئامانج لە پرۆسەی پەرەپێدان و ئابووری بازاڕ ئەوە بێت کە کۆمەڵگە لە دۆزەخەوە بگۆڕێت بۆ بەهەشت، ئەوا دەبێت هاووڵاتییان ئەوەیان لەبەرچاو بێت لەناو بەهەشتیشدا گرفت هەیە**



کۆمەڵگە بەجێ بهێڵێت.

لە وتارێکیشدا پرۆفیسۆر ران کە ئامۆژگای کاتۆ بڵاویکردۆتەوە و سەبارەت بەو وەرچەرخانە بە قووڵی وەستاوە و دەڵێت: ئەگەر ئامانج لە پرۆسەی پەرەپێدان و ئابووری بازاڕ ئەوە بێت کە کۆمەڵگە لە دۆزەخەوە بگۆڕێت بۆ بەهەشت، ئەوا دەبێت هاووڵاتییان ئەوەیان لەبەرچاو بێت لەناو بەهەشتیشدا گرفت هەیە.

مەبەستی پرۆفیسۆر ران لەم دەرەنجامەی پێی گەیشتووە دوو مەبەستی سەرەکییە:

یەکەمیان: ئاراستەی حکومەتەکانە کە پێویستە و ئەرکی سەرشانیانە کە کۆمەڵگە لە دۆزەخەوە بگۆڕن بۆ بەهەشت، واتە پێویستە ئەم گۆڕانکارییە هاووڵاتییان هەستی پێ بکەن.

دووەم: ئاراستەی هاووڵاتییانە، ئەمەش بەو مانایەی نابێت هاووڵاتییان وابزانن بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕینی کۆمەڵگە واتە کۆتایی هەموو گرفتەکانە، بەڵکو ئەگەر کۆمەڵگە لە دۆزەخەوە بشگۆڕێت بۆ بەهەشت هەر گرفتی خۆی هەیە و پێویستە بەردەوام بەشدار و هاریکار بن بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە، هەر بۆ نموونە گرفتی سەرەکی هاووڵاتییانی کوردستان نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستی کارەبایە، چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە هەنگاوی گرنگی لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەڵگیراوە و لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەم خزمەتگوزارییە خەریکە دابیندەکرێت، بەڵام دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بەبێ هاریکاری سێ لایەنەی حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیان سەرکەووتوو نابێت بەمجۆرە:

١- راستە حکومەت هەنگاوێکی گرنگی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە گرنگە بە رێگەی کەرتی تایبەت دابینبکرێت، بەڵام زۆر گرنگە لەگەڵ ئەم پرۆژەیە میکانیزمی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ کەرتی تایبەت دیاریکراوبێت.

٢- بێگومان جێگەی دەستخۆشیە سەرمایەدارێکی کورد بەخۆی یان بە هاوبەشی لەگەڵ وەبەرهێنانی بیانی ئەم پرۆژە گرنگە لە کوردستان ئەنجامدەدات، بەڵام زۆر گرنگە ئامانجی ئەم پرۆژەیە تەنیا بیرکردنەوە نەبێت لە قازانجی زیاتر و بەرژەوەندی تاکەکەسی و هاووڵاتیان بەجۆرێك لە رووتاندنەوە سەیری بکەن بەڵکو پێویستە ئەم پرۆژەیە هاندەرێك بێت بۆ سیما جوانەکەی کەرتی تایبەت کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە گەورەیە.

٣- زۆر گرنگە هاووڵاتیان بەدەنگ ئەو پرۆژەیەوە بچن و وەڵامدانەوەی پێویستیان هەبێت، مەبەست لە وەڵامدانەوەی پێویست ئەوەیە کە چیدیکە خزمەتگوزارییەکی گرنگی وەك کارەبا بە پێداویستییەکی بێ نرخ و بەلاش سەیر نەکەن و بزانن ئەگەر هێندەی پێداویستی رۆژانە ئەم خزمەتگوزارییە بەکاربهێنرێت و چەند گرنگە و چەند هاووڵاتی دیکەش لێی سوودمەند دەبێت.

## زیادکردنی مووچە و کاردانەوەی بازاڕ و کەرتی تایبەت

لەو رۆژەوە کە باسی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران دەکرێت، سەردێری زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستان ئاگادارکردنەوەیە سەبارەت بە هەڵکشانی نرخ لە بازاڕدا بەڵام زۆربە کەمی ئاماژە بە هۆکاری ئەم هەڵکشانە و بانگهێشتە بۆ هاریکاری هاووڵاتیان کراوە کە سنوورێك بۆ ئەم هەڵکشانە دابنرێت.

هەر بۆیە لەم راپۆرتە بە گرنگ و پێویستیمان زانی کە هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە گرنگە بکەین و دەستنیشانی خاڵە گەوهەرییەکان بکەین:

١- ئەگەر ئەو دەنگۆیە بەو ئاستە بێت کە لەگەڵ دەنگوباسی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، بازاڕ بێ حساب نرخەکانی روو لە هەڵکشانە، ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە نەك هەر لەسەر فەرمانبەران، بەڵکو ئابووری کوردستان رووبەرووی دیاردەی هەڵاوسان دەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی ئابووریمان کەموکورتی تێدایە و پێویستە بە دوای ئەو کەموکورتییانە بکەوین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

٢- بۆ ئەوەی قۆرخکردن نەمێنێت و ململانێی بازاڕ دەستی پێ بکات، گرنگە وەزارەتی بازرگانی چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و بواری هێنانی کەلوپەل فراوانتر بکات، ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری:

أ- دروست کردنی ململانێی بازرگانی.

ب- رەخساندنی هەلی کاری زیاتر.

ج- داشکاندنی نرخەکان.

٣-لەو کاتەوەی دەنگۆی زیادکردنی مووچە هاتۆتە ئاراوە، ژمارەیەکی زۆر لەو فەرمانبەرانەی پێشتر چوونە کەرتی تایبەت، ئێستا هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ کەرتی گشتی یان ببنەوە بە فەرمانبەری حکومەت ئەم حاڵەتە دیاردەیەکی خراپە و دەبێتە هۆی لاوازکردنی کەرتی تایبەت و هەڵاوسانی کەرتی گشتی، بۆیە زۆر گرنگە حکومەت بە هیچ شێوەیەك بوار بەم حاڵەتە نەدات.

٤-گرنگە هاووڵاتیان رۆژانە بە رێگەی میدیا و هۆیەکانی راگەیاندن، هەروەها لە شوێنە گشتییەکان بە داتا و ژمارە جیاوازی نرخەکان بە حکومەت رابگەیەنن و حکومەتی لێ ئاگاداربکەنەوە کە چۆن خەریکە ئەم حاڵەتە ئیجابییە بە شێوەیەکی سلبی لەلایەن چەند بازرگانێکەوە قۆرخدەکرێت.

بێگومان وەك گوێ بیستی دەبین بەشێکی زۆری هاووڵاتیان داوای دانانی نرخ و چاودێری نرخەکان دەکەن، بەڵام ئەم هەنگاوە ئەگەر لایەنێکی باش بێت چەندین لایەنی دیکەی هەیە کە کاردانەوەی خراپی دەبێت بە مجۆرە:

أ- ئەو نرخەی بۆ کەلوپەل دادەنرێت، نرخێکی تەوافوقیە واتە لە نێوان بەرژەوەندی بازرگان و بەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە.

ب- بازرگان بۆ ئەوەی دەسەڵات بگەیەنێتە قەناعەت، کۆمەڵێك خەرجی بێ بنەما ریز دەکات، لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو خەرجیانە بۆ ئەو کەلوپەلانە پێویست نەبن و تەنانەت لەوانەیە لە ساڵێکدا یەك سەفەر ئەو خەرجیانە بکرێت و ئەوەی دیکەی تەنیا بە رێگەی ئیمێڵ و تەلەفۆن جێبەجێبکرێن و کەلوپەلەکان بگەنە کوردستان.

ج-دانانی نرخ دەبێتە هۆکاری ئەوەی بازرگان بە دوای کەلوپەلێك بگەڕێت کە کوالیتیەکەی نزم بێت، ئەمەش وا دەکات کە لەگەڵ هەڵکشانی نرخەکاندا هیچ جیاوازیەکی نەبێت.

بۆیە زۆر گرنگە لە رێکخستنەوەی بازاڕدا، هەوڵبدرێت بە شێوازی هاوچەرخانە و بە چارەسەری ریشەیی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

أ- زۆر ئاسانە هەوڵبدرێت هاوکێشەی خستنەڕوو و داواکاری (عرض و طلب) هاوسەنگ بکرێت و، هەوڵبدرێت خستنەروو لە داواکای زیاتر بێت.

ب- گرنگە مۆڵەتی هێنانی کەلوپەل ئاسان بکرێت، بەڵام کۆنترۆڵی ئاستی کوالیتی بپارێزرێت.

ج- هەوڵبدرێت دیاردەی قۆرخکردن نەهێنرێت، واتە لە بری ئەوەی هێنانی چەند کەلوپەلێکی تایبەت قۆرخ بێت بۆ چەند بازرگانێك، با کراوەبێت بەڵام بەپێی مەرج و داواکارییەکان بۆ هەموو بازرگانێك.

ج- ئەگەر نەتوانرا بە رێگەی کەرتی تایبەت پێداویستییەکان هەمووی دابین بکرێت گرنگە حکومەت (ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت). گرێبەستی گەورە ئیمزابکات و ئەو کەلوپەل و پێداویستییە بە ئاستی پێویست بێنێتە ناو وڵاتەوە.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و بایەخی وەرچەرخان لە ئابووری مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕ، چەند پسپۆڕێك بەشداری ئەم راپۆرتەیان کردووە، کە ئەم بۆچوونەکانیانە:

**ئەگەر ئەو دەنگۆیە بەو ئاستە بێت کە لەگەڵ دەنگوباسی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، بازاڕ بێ حساب نرخەکانی روو لە هەڵکشانە، ئەمە دیاردەیەکی مەترسیدارە نەک هەر لەسەر فەرمانبەران، بەڵکو ئابووری کوردستان رووبەرووی دیاردەی هەڵاوسان دەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی ئابووریمان کەموکورتی تێدایە و پێویستە بە دوای ئەو کەموکورتییانە بکەوین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە**

**بۆ ئەوەی قۆرخکردن نەمێنێت و ململانێی بازاڕ دەستی پێ بکات، گرنگە وەزارەتی بازرگانی چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و بواری هێنانی کەلوپەل فراوانتر بکات**

## پرۆفیسۆر پاول زاك

### ئوستادی ئابووری سیاسی لەزانكۆی پەنسیلڤانیا بۆ گوڵان:

# نابێت حكومەت رێگە بە قۆرخكردنی بازاڕ بدات



**پرۆفیسـۆر پاول زاك،كە ئوستادی ئابووری سیاسەتە لەزانكۆی پەنسـیلڤانیا، پرۆفیسۆرو تایبەتمەندە لە بواری پەرەپێدانی ئابووری و ئابووری بەدیسـپلینی نوێ، هەروەهـا لەبواری چۆنییەتی چارەسەركردن گرفتـە ئابوورییـەكان و چۆنییەتی دارشتنی پلان و بڕیار بۆ چارەسـەركرنی كێشە ئابوورییەكان. سـەبارەت بەچۆنییەتـی رێكخسـتنەوە ئابووری و رێزگرتـن لە هەڵاوسـان و قۆرخكـردن بـازاڕ، پرۆفیسۆر زاك بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### ئابووری بازاڕ پێویستی بە رێساگەلێكی دیاری كراو هەیە دەبێت دەسەڵاتێک هەبێت بۆ سەپاندنی ئەو رێسایانە

***هەندێ جار حكومەت هەنگاوی راسـت و دروست و پێویست دەنێت، بەڵام زۆرجار خەڵك وەك پێویسـت هـاوكاری هەنگاوەكانی حكومەت ناكەن، هۆكارەكانی ئەم هاوكاری نەكردنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئادەم سـمێس دەڵێت خۆشـگوزەرانی دەوەستێتە سـەر فراوان بوونی بازاڕ، لەبەرئەوەی لەگەڵ گەورەبوونـی بازاڕدا تۆ ناچاریت ئاڵوگۆڕ لەگەڵ كەسـانێكدا بكەیت كە نایان ناسیت، ئەمەش وا دەكات دانانی رێسـاگەلێكی دیاری كراو پێویسـت بێت كە هەمووان قبوڵی بكەن و ملكەچـی بن. لێـرەدا بوونی حكومەت خۆی دەسـەپێنێت بۆ ئەوەی هەڵبسـێت بە رێكخسـتنی بازاڕ، بۆ ئەوەی بازاڕەكان ئەوەندە گەورەبن كـە خەڵكی بتوانن ئاسـتی گوزەرانـی خۆیان بەرزبكەنـەوە لە رێی ئاڵوگۆڕكردنـەوە لەگەڵ ئەوانی دیكەدا. ئابووری بازاڕ پێویسـتی بە رێساگەلێكی دیاری كراو هەیە، كە دەبێت دەسەڵاتێك هەبێت هەڵبستێت بە سـەپاندنی ئەو رێسایانە، بۆ نموونە لە روسـیادا ئابووری بازاڕ لە غیابی ئەو رێسایانەدا پشێوی لێكەوتەوە.

### كلیلی متمانەی نێوان حكومەت و هاوڵاتیان جێبەجێكردنی بە لێنەكانە

***بوونـی متمانە لە نێوان حكومەت و خەڵكدا هۆكارێكی بنەڕەتییە بۆ سـەركەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری، چۆن دەكرێت ئەم متمانەیە پتەوبكرێت، یان دروست بكرێت لە نێوان حكومەت و هاوڵاتیاندا؟**

-مـن پێم وایە دەبێت متمانە لە نێوان خودی هاووڵاتیان خۆیاندا هەبێت، بۆ نموونە ئەندامانی گروپە ئەتنیە جیاوازەكان متمانەیان بەیەك هەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە متمانەی نێوان خەڵك و حكومەتەوە هەبێت، ئەوا لە راستیدا كلیلی بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتیان لە لایەن حكومەتەوە، بریتییە لە جێبەجێكردنی بەڵێنـەكان، دەكرێت حكومەت بەڵێنگەلێكی كـەم بە هاوڵاتیان بدات، بەڵام گرنـگ ئەوەیە جێبەجێیان بكات، واتە نابێت سـەقفی چاوەڕوانییەكانی خەڵـك بەرزبكەینەوە و بەڵێنگەلێكی گەورەیان پێبدەین كـە توانای جێبەجێكردنمان نەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر حكومەت بەڵێنی كەمی بە خەڵكیدا و بە بەردەوام جێبەجێی كردن، ئەوا دەتوانێت وورده وورده متمانەیان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەگەر حكومەت بۆ ماوەی دوو تا سێ ساڵ نەیتوانی خزمەتگوزارییەكان دابین بكات و بەڵێنەكانی بهێنیتەدی ئەوا زەحمەتە هاوڵاتیان متمانەی پێبكەن.

### قۆرخكردن ئاستەنگە لەبەردەم رێكخستنی ئابوری بازاردا

***واتە بەڕای تۆ دەبێت دەسەڵات ریگە لە قۆرخكردن بگرێت ؟**

- لـە كەرتـی تایبەتدا ئەو كەسـەی كۆمپانیایەك، یـان كارگەیەك هەڵدەسـوڕێنێت بیر لەوە دەكاتـەوە كە دەبێت لـە رووی چۆنیەتییەوە كاڵاكانـی باش بن بۆ ئـەوەی بتوانێت ململانـێ و ركابەری لەگەڵ كۆمپانیاكانـی دیكەدا بكات و بتوانێت قازانج بەدەسـت بهێنێت. بەڵام قۆرخكاری دەبێتە ئاسـتەنگ لە بەردەم بەدی هێنانی ئەم ئامانجەدا. لەبەرئەوە دەبێت حكومەت هەڵبستێت بە داڕشتنی رێساگەلێكی دیاری كراو بۆ رێكخسـتنی ئاڵوگۆڕ لە بازاڕدا و دەبێت ئەو ریسایانەش لای هەمووان پەسەند بێت.

***ئەی سەبارەت بە كەلتووری كۆمەڵگە و وەڵامدانەوەیان بۆ ئەوپرۆسەیە، هەر بۆنمونە لەبواری كاركردنی ئافرەتاندا؟**

- نابێت دەسـتێوەردانی حكومەت بە شێوەیەك بێت،هەر بۆ نموونە ئەوە بە سەر كارگەیەكدا بسەپێنێت كە لە سـەدا پەنجای كارمەندەكانی ئافرەت بێت، بەڵكـو دەتوانێت لە رێی پەرەپێدانی پەروەردەوە ئەوە بۆ كۆمەڵگەكە روون بكاتەوە كە ئافرەتـان لەبەرئەوەی نیوەی كۆمەڵگەكەن ئەوا دەتوانن بەشـداریەكی راستەقینە بكەن لە بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگەدا. لە لایەكی ترەوە دەتوانێت بەشـێكی دیاری كراوی لە پەرلەماندا بۆ ئافرەتان تەرخان بكات، بۆ ئەوەی ببێتە ئاماژەیەك بۆ بەشداری كردنیان لە هەڵسوڕاندنی كاروباری كۆمەڵگەدا. هەروەها دەتوانێت هەڵبسـتێت بە هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی زیاتر بەشداری بكەن، بەڵام نابێت ناچاری كاركردنیان بكات.

***بـەڵام زۆرجار پێداویسـتییەكان لە توانای حكومـەت گەورەترن . بەتایبەتی لە دەسپێكی قۆناخی بونیادنانەوەدا، چۆن دەكرێت ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت ؟**

- راستە ئەوە كێشەیەكی قورسـە، بەڵام دەبێت سەرەتا حكومەت هەوڵی باشتركردنی چاودێری تەندروستی و دروستكردنی رێگاكان و باشتكردنی تۆڕی پەیوەندی بـدات، وەك تەلەفۆن و ئەنتەرنێت، لەگەڵ دابینكردنی كارەبا و ئاوی خاوێندا. لەبەر ئەوە گرنگە حكومەتێكت هەبێت سیاسـەتە راست و دروستەكانی پەرەپێدانی ئابووری دابرێژێت و بگرێتەبەر، مەبەستم ئەوەیە پەرە بە ئابووری بازاڕ بدات و جەخت لە سـەر بنیاتنانی ژێرخان بكاتەوەو سـەقامگیری ئابووری و سیاسی جێگیربكات و توانای ئەوەی هەبێت باج بە سـەری خەڵكیدا بسەپێنێت و رێگە نەدات خەڵكی خۆیان لـە ئەركی باجدان بدزنەوە، لە لایەكی ترەوە تاوەكو وڵاتەكە بچوكتر بێت، باشـتر دەتوانرێت بەڕێوەببردرێت، وەك سەنگافورە و هۆنگ و كۆنگ كە بە رەوتێكی خێرا گەشەیان كرد، بەڵام ئەمە لە عێراقدا بەدی ناكرێت كە وڵاتێكی تا رادەیەك گەورەیە و پێكهاتەگەلێكی جیاوازی هەیە.

***ئەی تا چ ئاسـتێك وەبەرهێنانی دەرەكی یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخاندا؟**

- بـە دڵنیاییەوە زۆرجار وەبەرهێنانی دەرەكـی كاریگەریەكی بەرچاوی دەبێت لەسەر دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵات، كە لە هەمان كاتدا ئەو كۆمپانیا دەرەكیانەش سوود لەو پرۆژانە وەردەگرن و دەتوانن قازانجێكی زۆر كۆبكەنەوە.

## پرۆفیسۆر مارتن ستاب

### سەرۆکی بەشی ئابووری لە زانکۆی جۆرج تاون بۆ گوڵان:

# متمانەی نێوان هاووڵاتی و حکومەت، سەرمایەی کۆمەڵایەتییە



**پرۆفیسۆر مارتن ستاب، کە ئێستا سەرۆکی بەشی ئابوورییە لە زانکۆی جورج تاون، بە ئەسڵ خەڵکی مالیزیایە و ئێستا هاووڵاتییەکی ئەمەریکیە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەم بوارانە:**

**١- گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری لە وڵاتانی ئاسیا ، ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین .**

**٢- گەشەسەندنی ئابووری و سیاسەتی ئابووری جیهانی .**

**٣- ئابووری کشتوکاڵی و ژێرخانی ئابووری و بەتایبەتکردن .**

**سەبارەت بە چۆنییەتی ڕێکخستنەوەی بنەماکانی ژێرخانی ئابووری و پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و حکومەت، پرۆفیسۆر ستاب بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### کاتێک بە تایبەتکردن ئەنجامی نەخوازراوی لێکەوتەوە دەبێت حکومەت دەستێوەردان بکات و ڕێکی بخاتەوە

***ئامانج لە بە تایبەتکردن چییە؟ ئایا بۆچی ئەم پرۆسەیە بە بناخەی بوژاندنەوە دادەنرێت لەگەڵ ئەوەی هەندێك جار دەرەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە؟**

-لە راستیدا بە تایبەتکردنی کەرتی گشتی دوو ئامانجی لە پشتە، یەکەمیان پەرەپێدانی کارایی و چالاکی باشترکردنی ئەدای ئابوورییە، دووەمیان کەڵەکەکردنی سەرمایەیە بۆ ئەوەی بۆ وەبەرهێنان لە بواری بنیاتانەوەی ژێرخاندا بخرێتەگەڕ، وەك بنیاتنانەی وێستگەکانی کارەبا، ڕێگاوبانەکان و هتد. بەڵام هەروەك ئاماژەتان پێکرد هەندێ دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە، کە دەبێت لەو کاتەدا دەستێوەردان بکرێت و دووبارە ئەو پرۆسەیە ڕێکبخرێتەوە، بۆ ئەوەی ئامانجە خوازراوەکان بهێنێتەدی.

لە حاڵەتەدا حکومەت دەتوانێت بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکاندا، هەڵمەتێکی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بخاتەگەڕ، بۆ روونکردنەوەی دەرئەنجامە باشەکانی ئەو پرۆسەیە. لە لایەکی دیکەوە پێدانی دەرفەت بە وەبەرهێنانی دەرەکی راستەوخۆ رەنگە کاریگەری و رەنگدانەوەی ئیجابی لێبکەوێتەوە لەو رووەوە.

***تا چ ئاستێك وەبەرهێنانی دەرەکی یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخاندا؟**

- من پێشتر ئاماژەم بە رۆڵی راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی کرد لە بنیاتنانەوەی ژێرخانیدا بە تایبەتی لە بواری بنیاتنانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و فڕۆکەخانەکان و ڕێگاوبانەکان و هتد..، ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە دەبێت کەشێکی لەبار و گونجاو بۆ وەبەرهێنان برەخسێنرێت، بۆ نموونە دەبێت یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە وەبەرهێنان ڕێگە بە کۆکردنەوەی قازانج بدەن، دەبێت سەقامگیری سیاسیی و ئابووری جێگیر بکرێت.

دەبێت حکومەت دوو شت بکات، یەکەمیان جەخت لە سەر تەرخان کردنی سەرمایە بکاتەوە بۆ ئەو پرۆژانەی کە دەبنە هۆی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاولاتیان وەك، پەروەردە و چاودێری پزیشکی. لە لایەکی ترەوە دەبێت حکومەت هەوڵی باشترکردنی سەرچاوەی داهاتەکانی بدات، بۆ نموونە لە رێی باشترکردنی رێ و شوێنەکانی سەپاندنی باجەوە.

*** تۆ ئاماژەت بەوە کرد کەپێویستە دەستێوەردان بکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی بازار، ئایا لەبنەرەتدا هۆکارەکانی شکست چین؟**


- بە کورتی بۆ نەبوونی ئامادەیی حکومەت و نەبوونی پابەندبوون بە چاکسازی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەیە دەگەڕێتەوە. لە لایەکی ترەوە ئەو وڵاتانەی هەڵساون بە ئەنجامدانی چاکسازی قوڵ و ریشەیی و خێرا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، هەرچەندە سەرکەوتنی چەند وڵاتێکی دیکەش بەدی دەکەین کە بە رەوتێکی سست و خاو پرۆسەی چاکسازیان ئەنجامداوە، وەك وڵاتی چین، بەڵام هۆکاری ئەم لاوازیە بۆ هەل و مەرجە سیاسییەکە دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستاش چین وڵاتێکە لە رووی سیاسییەوە نادیموکراتە. هەروەها ئەم پرۆسەیەش لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا دووچاری گیروگرفت بووەوە.

لایەنێکی دیکە رەنگە ئەوە پەیوەندی بە بونیادی حکومەتەکەوە هەبێت، بۆ نموونە زۆرێك لە حکومەتەکان دەسەڵات و دەرفەت بە خەڵکەکە نادەن بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی مەحەلی هەڵسن بە بەڕێوبردنی کاروبارەکانی خۆیان، یاخود بەشداری لە هەڵسوڕاندنییاندا بکەن، چونکە ئەم حاڵەتە هەستی بایەخپێنەدان و پەراوێزکردن لای ئەو خەڵکە دروست دەکات و ئەمەش وایان لێدەکات پەرۆش نەبن بۆ هاوکاری کردن.

### متمانەی نێوان هاوڵاتی و حکومەت سەرمایەی کۆمەڵایەتییە

***بوونی متمانە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری، چۆن دەکرێت ئەم متمانەیە پتەوبکرێت، یان دروست بکرێت لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا؟**

- زۆرجار ئابووریناسەکان پێی دەڵێن سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لە راستیدا ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەست بەوەی ئایا شەفافییەت هەیە لە کارەکانی حکومەتد، ئایا گەندەڵی لە دەزگاکانی حکومەتدا بەربڵاوە یان لە ژێر کۆنترۆڵدایە. بە گوزارشتێکی دیکە ئایا لە تێڕوانینی هاوڵاتیاندا حکومەت خاوەنی شەرعییەت و لە بەرژەوەندی ئەواندا کار دەکات یان بە پێچەوانەوە. کەواتە ئەگەر تێڕوانینی خەڵك لە ئاست حکومەتدا ئیجابی بوو، ئەوا ئەم زەمینە دەرەخسێنێت بۆ دروست بوونی متمانە، پێچەوانەکەشی راستە.



پرۆفیسۆر ئیتان، شاشنسکی ئوستادی زانستی ئابوورییە لە زانکۆی حەیفا و پسپۆڕو تایبەتمەنـدە لـە بـواری گەشـەپێدانی ئابـووری بـازاڕدا و راوێـژکاری حکومەتی مەکسیك بووە بۆ ریفۆرمی باج و هەروەها یەکێکـە لە پسـپۆڕەکانی بانکـی نێودەوڵەتی کە لە هەرسـێ وڵاتـی بۆلیفیا و پۆلەنـداو رۆمانیـا کاریکردووە.

سـەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵاوسـانی بـازاڕ و کاریگـەری حکومـەت بۆ رێکخسـتنەوەی بازاڕ پرۆفیسـۆر شاشنسکی بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

## پرۆفیسۆر ئیتان شاشنسکی

### ئوستادی ئابووری و پەرەپێدان لە زانکۆی حەیفا بۆ گوڵان:

# ئەگەر حکومەت لە سەرەتاوە رێوشوێنی گونجاو نەگرێتە بەر نرخەکان بەرەو بەرزبوونەوە دەچن و قۆرخکاری دروست دەبێت

**پێش دەستپێکردنی بەتایبەتکردن دەبێت حکومەت کۆمەڵێک یاسا بۆ رێکخستنی ئەوبوارانە دەربکات**

***گۆڕینـــی ئابـــووری مەرکـــەزی بۆ ئابـــووری بازاڕ هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆســـەی بەرەوپێشـــچووندا، کە لە هەندێ وڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لە هەندێ وڵاتی دیکەدا چارەنووســـی شکستی بووە، پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە هۆکارەکانی شکست چین؟**

-لـــە راســـتیدا، بۆ ئەوەی پرۆســـەی بـــە تایبەتکردنی سەرکەوتوو بێت، دەبێت ســـەرەتا هەڵبستین بە بەتایبەتکردنی دامـــەزراوە داراییەکان، بۆ نموونە بانکەکان، یاخود بانکەکانی وەبەرهێنانی کە خاوەنی میسداقییەت بن لای کەرتی تایبەت. واتە دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە دامەزراوە بانکییەکان.

خاڵـــی دووەم ئەوەیـــە دەبێت بـــە تایبەتکردنی هەندێ لە سەرچاوەکان جیاواز بێت لە وانی دیکە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت حکومـــەت پێش بە تایبەتکردنی ئەو کەرتانە هەڵبســـتێت بە دانانی رێســـا گەلێك بۆ رێکخســـتنی چۆنییەتی خستنەگەڕ و بەکارهێنانـــی ئـــەو بوارانە لە لایەن کەرتـــی تایبەتەوە، بۆ نموونە کەرتی کارەبا، واتە دەبێت سەرەتا حکومەت مەرجەکانی بەکارهێنانـــی ئەو بوارانـــە دابنێت، دواتر دەســـت بکات بە پرۆسەی بە تایبەتکردن. بۆ نموونە کاتێك کەرتی شەمەندەفەر لە بەریتانیا درایە دەســـت کەرتی تایبەت سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. لـــە لایەکی ترەوە دەبێت حکومـــەت ئەو دەرئەنجامە لەبەرچاو بگرێت کە لـــە حاڵەتی بە تایبەتکردنی هەندێ لە کارگەکاندا دروســـت دەبن، زۆرێك لە کارمەندان و کرێکارەکان دووچـــاری بێـــکاری و دەرکردن دەبنەوە. واتـــە دەبێت رێ و وشوێنی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دەرئەنجامە نەخوازراوە.

*** ئامانجی بە تایبەتکردن خوڵقاندنی ململانێ و رەخساندنی هەلـــی کار و دابەزاندنـــی نرخی کاڵاکانە، بـــەڵام زۆرجار دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، مەبەســـتمان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی قۆرخکردنی بازاڕ و بەربوونەوەی نرخی کاڵاکان، هۆکاری ئەم دەرئەنجامە پێچەوانەیە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە زۆرێك لە وڵاتاندا حکومەتەکان لە سەرەتادا هەڵساون بە دابینکردنی یارمەتی و هاوکاری بۆ کەرتی تایبەت، بەڵام دواتر بە شێوەی قۆناخ بە قۆناخ ئەو یارمەتی و هاوکارییانەییان کەمکردۆتەوە، تاوەکـــو لە قۆناخی دواییدا کۆتاییان پێهێناوە، لەبەر ئەوەی هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد ئەگەر لە سەرەتاوە حکومـــەت ئەم یارمەتییە دابین نـــەکات، ئەوا نرخەکان بەرەو بەرزبوونەوە دەچن و قۆرخکاری دروست دەبێت.

لە رابردودا یەکێتیە بازرگانییەکان بە توندی بەرهەڵستی بە تایبەتکردنییان دەکرد، لەبەر ئەوەی دەبووە هۆی بێکاربوونی زۆرێـــك لە کرێکارەکانی کارگـــەکان و ئەمەش دەبووە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئەو یەکێتیانە. یەکێتیە بازرگانییەکان دەســـەڵاتێکی زۆریـــان هەبوو لـــە بەرامبـــەر حکومەتدا و خوازیاری ئـــەوە نەبوون بکەونە بەرامبەر کەرتی تایبەت. بۆ نموونە لەسەردەمی مارگرێت تاتشەردا، هەندێك جار رێگریان دەکـــرد لە بەتایبەتکردنی هەندێ لە کەرتەکاندا. بەڵام حاڵی حازر ئەم یەکێتیانە دەســـەڵاتەکانییان بەرەو پووکانەوە چووە، لە لایەکـــی ترەوە هەندێك لـــە حکومەتەکان هەڵســـاون بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کریکارانەی بێکار دەبن، لە رێی پێدانی پشکێکی کارگەکە بەو کرێکارانە، بۆ نموونە لە بەریتانیادا لە کاتی بە تایبەتکردنی کەرتی پەیوەندییەکان حکومەت هەڵسا بە تەرخانکردنی لە سەدا دووی پشکی (سەهمی ) ئەو کەرتە بۆ ئەو کرێکارانەی بێکار ببون.

***زۆرجار کـــە باس لە پەرەپێدانی ئابـــووری لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا دەکرێت، باس لەو ئاستەنگانە دەکرێت کە دێنەڕێی ئافرەتان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەشداری بکەن لەو پرۆسەیەدا، ئایا دەبێت حکومەت چ هەنگاوگەلێك بگرێتەبەر بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە؟**

- لە راســـتیدا ئەوە مەســـەلەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە کەلتووری ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانەوە، کە رێگە بە ئافرەتان نـــادەن لە دەرەوە کاربکەن، واتە کۆت و بەندێکی زۆر هەیە لە ســـەر ئازادی ئافرەتان و زۆربەی کاتەکانییان لـــە ماڵەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ تەرخان دەکەن. بەڵام بە هۆی تەکنەلۆژیای هاوچەرخەوە دەکرێت هەندێ لە ئافرەتان بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە و لە ماڵەکانییانەوە، بـــێ ئەوەی ناچاربن بچنـــەوە دەرەوە کارێکی دیارکراو بکەن بـــۆ هەندێ لە کۆمپانیاکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن کێشـــەیەکی گەورەیە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئیســـلامیدا، وەك پاکستان و ئەفغانستان و تەنانەت میسریش.

**پرۆفیسۆر مانویلا بۆتکا**

**ئوستادی سیسیۆلۆژی لە زانکۆی کاسۆلیک لە ئەڵمانیا بۆ گوڵان:**

# نابێت هەموو بوارەکانی کەرتی گشتی پێکەوە بکرێتە کەرتی تایبەت



**پرۆفیسۆر مانویلا بۆتکا، ئوستادی سیسیۆلۆژییە لە زانکۆی کاسۆلیك لە ئەڵمانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری کولتوور لە گۆڕانکاری کۆمەڵگە و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری و لەمبارەوە کتێبێکی هەیە بە ناونیشانی ((وتووێژێکی هاوچەرخانە بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی)) لای خاتوو مانویلا کولتوور کاریگەری گەورەی لەسەر بوارەکانی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگە و هاریکاری نێوان هاووڵاتی و حکومەت هەیە.**

**لەمبارەوە پرۆفیسۆر مانویلا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو:**

## گۆڕینی ئابووری بۆ ئابووری بازاڕ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی سیاسیش لە خۆدەگرێت

***کاتێك باس لە ئەزموونی سەرکەوتنی بواری ئابووری وڵاتێك دەکەین، دەبینین لە وڵاتێکی دیکە هەمان پرۆسە رووبەرووی شکست بۆتەوە، حەزدەکەین بزانین هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە ؟**

- لە راستیدا دەکرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێکی شکست بکەین، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەڵەیە ئەگەر تێڕوانینمان بەو شێوەیە بێت کە سەرکەوتنی مۆدێلێك لە وڵاتێکی دیاری کراودا، بە هەمان شێوە لە وڵاتانی دیکەشدا هەمان دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەلومەرج و سیاقە مێژوویی و کەلتوورییەکان جیاوازن، هەروەها بە هەڵەدا دەچین ئەگەر پێمان وا بێت دەرئەنجامی حەتمی جێگیرکردنی ئابووری بازاڕ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونە، من پێم وایە هەلومەرجە جیۆپۆلیتییەکییەکە رۆڵی زیاتری هەیە لە بەدەستهێنانی دەرئەنجامە خوازراوەکاندا کە لە چوارچێوەیەدا ئاڵوگۆڕە بەرەو ئابووری بازاڕدا بەدی دەهێنرێن.

من پێم وایە هەنگاوی یەکەم و رێو شوێنی یەکەم کە دەبێت حکومەت بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە بیگرێتەبەر، بریتییە لە بەشداری پێکردنی هاووڵاتییان و ئاگادارکردنەوەیان لەو پرۆسەیە و بەرچاو روونکردنەوەیان لە دەرئەنجامەکانی شکستی ئەو هەوڵانە، لەبەر ئەوەی گۆڕینی ئابووری بۆ ئابووری بازاڕ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی سیاسیش لە خۆدەگرێت، من ناڵێم ئاگاداربوونی هاووڵاتییان راستەخۆ و ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی هاریکاری کردنیان بۆ کارەکانی حکومەت، بەڵام دوورەپەرێزی هاووڵاتییان و دوورخستنەوەیان لەو پرۆسانە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان هاوکاری ئەو هەوڵانە نەبن.

## کاتێک ئامانجی کەرتی تایبەت تەنها کۆکردنەوەی قازانج بێت ناتوانرێت پەرە بە داهاتی نیشتمانی بدرێت

*** زۆرجار ئەم پرۆسەیە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، مەبەستمان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی قۆرخکردنی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان، هۆکاری ئەم دەرئەنجامە پێچەوانەیە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە راستیدا دەبێت دوو دەرئەنجام، یان دوو ئامانجی پێچەوانە لەبەرچاو بگرین لە کاتی پرۆسەی بە تایبەتکردندا، بۆ نموونە ئەو کۆمپانیایانەی وەبەرهێنان دەکەن و سوود لە بڕیاری بە تایبەت کردن وەردەگرن، ئامانجی سەرەکیان کۆکردنەوەی سوود و قازانجە، کە ئەمەش مەرج نییە ببێتە هۆی پەرەپێدانی داهاتی نیشتمانی، لە کاتێکدا هەڵسوڕاندنی ئابووری لە لایەن حکومەتەوە ئامانجی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری کارمەندان و بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانییە. لەبەر ئەوە لە گۆشەنیگای ئەو کۆمپانیایانەوە ئەگەر وەبەرهێنان نەبووە هۆی بەدەستهێنانی قازانجە چاوەڕوانکراوەکان، ئەوا ئاستی وەبەرهێنان کەم دەکەنەوە و ژمارەی کارمەند و کرێکارەکانیش کەم دەکەنەوە.

## دەبێت لە رووی پەروەردەوە هەوڵی پەرەپێدانی توانا و بەهرە و لێهاتوویی ئافرەتان بدەین

*** هەندێك دەڵێن کەلتووری کۆمەڵگە یەکێکە لە هۆکارەکانی شکستی بوژاندنەوەی ئابووری، بەتایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا کە ئافرەت بە توانای خۆی کارناکات، تۆ وەك پسپۆڕێکی ئابووری ئافرەتێك چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەیت؟**

-ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا کێشەی نایەکسانی ئافرەتان و پیاوان لە وڵاتانی

ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا بەدی دەکرا، بە هەمان شێوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا. من پێم وایە لە حاڵەتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری وڵاتدا، هەلی کاری زیاتری دەڕەخسێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی زەمینە بۆ ئافرەتانیش دروست بێت تاوەکو بەشداری بکەن، بەڵام من پێم وایە دەبێت لە رووی پەروەردەوە هەوڵی پەرەپێدانی توانا و بەهرە و لێهاتوویی ئافرەتان بدەین، بۆ ئەوەی نەك تەنها کارێکی ئاست نزم بکەن، یان کرێیەکی کەم وەربگرن، بەڵکو لە پۆست و پێگەی بەرزریشدا بوونیان هەبێت و بەشداری کارایان هەبێت. ئەمەش هەروەك ئاماژەم پێکرد پتر پەیوەستە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پەروەردەی ئافرەتانەوە، چونکە ئەمە دەبێت هۆی ئەوەی ئافرەتان مافگەلێکی زیاتری مەدەنی و کۆمەڵایەتیان هەبێت. بەڵام ئەگەر ئابووری وڵاتەکە سست بێت، یان لە حاڵەتی پوکانەوەدا بێت، ئەوا رەنگە سنوربەندی سەر ئافرەتان زیاتر بێت و پتر لە چوارچێوەی ماڵەکاندا گیرۆدەبن.

**دەبێت حکومەت ئەوە رەچاو بکات کە نابێت لە سەرەتادا تێکڕای کەرتەکان بە تایبەت بکرێن**

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، توانای حکومەت سنووردارە و خەڵکیش چاوەڕوانی و داخوازییەکی زۆریان لە حکومەت هەیە، چۆن دەکرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؟**


- رەنگە زۆرجار دابینکردنی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان پێچەوانە بێت لە گەڵ پێداویستییەکانی گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری بازاڕ، زۆرجار ئەم پرۆسەیە لە سەرەتادا کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لە سەر هەژارەکان، لە سەر نایەکسانی کۆمەڵایەتی و بێکاری، واتە رەنگە زیاتر زیان بەو چینانە بگەیەنێت نەك یارمەتیان بدات، لە لایەکی ترەوە دەبێت حکومەت ئەوە رەچاو بکات کە نابێت لە سەرەتادا تێکڕای کەرتەکان بە تایبەت بکرێن، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئامانجی ئەو کۆمپانیانیانەی وەبەرهێنانی دەکەن کۆکردنەوەی زۆرترین قازانجە و رەنگە ئەمە نەبێتە هۆی پەرەپێدانی داهاتی نیشتمانی.

***بەڵام هەندێ لە چاودێران و شارەزایان پێیان وایە کە سیاسەتی ئابووری بازاڕی کاریگەری هەیە لە سەر بنیاتنانەوەی ژێرخان لەبەر ئەوەی دەبێت هۆی راکیشانی وەبەرهێنانی دەرەکی، تا چ ئاستێك وەبەرهێنانی دەرەکی یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخاندا لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا؟**

- لە راستیدا وەبەرهێنانی دەرەکی رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لە سەر بنیاتنانەوەی ژێرخانەکان، وەك رێگا و بانەکان، قوتابخانەکان و هتد، بەڵام ئامانجی وەبەرهێنە دەرەکییەکان کۆکردنەوەی قازانج و سەرمایەیە، هەر بۆیە دەبێت حکومەت هەڵبستێت بە هاوکاری کردن لە گەڵ ئەو وەبەرهێنە دەرەکیانەدا، بۆ ئەوە سەرمایەگوزاری لە بورای بنیاتنانەوەی ژێرخانە بنەڕەتییەکانی وڵاتەکەدا بکەن، هەلی کاری زیاتر بۆ هاووڵاتییان وڵاتەکە بڕەخسێنن، کاڵاکانیان بە نرخێکی گونجاو بۆ دابین بکەن، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و پەرەپێدانی داهاتی نەتەوەی.

***بوونی متمانە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری، چۆن دەکرێت ئەم متمانەیە پتەوبکرێت، یان دروست بکرێت لە نێوان حکومەت و هاووڵاتییاندا؟**

- دیاردەی بێ متمانەی بە حکومەت تەنها لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا نییە، بەڵکو لە وڵاتە گەشەکردووەکان و دەوڵەمەندەکانیشدا بەدی دەکرێت. ئەمە مەسەلەیەکە پتر پەیوەستە بەوەی ئایا هاووڵاتییان هۆشیاری و تێگەشیتنێکی سیاسییان هەیە دەربارەی ئەو پرۆسانەی ئەنجام دەدرێن، ئایا پێیان وایە ئەو گۆڕانکارییانە دەبنە مایەی بەدی هێنان و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانیان، من پێم وایە دەبێت پارتە سیاسییەکان و بڕیاربەدەستان دەست بکەن بە گفتوگۆ لە گەڵ هاووڵاتییاندا بۆ بەرچاو روونکردنەوەیان و بەشداری پێکردنیان، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاووڵاتییان بەشداربن لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، ئەوا متمانە بە حکومەتەکانیان دەکەن.



**●●●**

**هەڵەیە ئەگەر تێڕوانینمان بەو شێوەیە بێت کە سەرکەوتنی مۆدیلێک لە وڵاتێکی دیاری کراودا، بە هەمان شێوە لە وڵاتانی دیکەشدا هەمان دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەلومەرج و سیاقە مێژوویی و کەلتوورییەکان جیاوازن**

**●●●**

**●●●**

**ئەو کۆمپانیایانەی وەبەرهێنان دەکەن و سوود لە بڕیاری بە تایبەت کردن وەردەگرن، ئامانجی سەرەکیان کۆکردنەوەی سوود و قازانجە، کە ئەمەش مەرج نییە ببێتە هۆی پەرەپێدانی داهاتی نیشتمانی، لە کاتێکدا هەڵسوڕاندنی ئابووری لە لایەن حکومەتەوە ئامانجی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری کارمەندان و بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانییە**

**●●●**

**●●●**

**دەبێت پارتە سیاسییەکان و بڕیاربەدەستان دەست بکەن بە گفتوگۆ لە گەڵ هاووڵاتییاندا بۆ بەرچاو روونکردنەوەیان و بەشداری پێکردنیان، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاووڵاتییان بەشداربن لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، ئەوا متمانە بە حکومەتەکانیان دەکەن**

**●●●**

# ئەمەریکا هیوای بە عێراق نەماوە دەیەوێت ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێ تێکنەدات



هەندێک لە چاودێرانی نزیک لە کۆشکی سپی کە هەموویان پێشتر لە ئیدارەکانی ئەمەریکا کاریانکردووە پاکانەی ئەوە بۆ سەردانەکەی ئۆباما دەکەن کە تەنها سەردانی ئەو ناوچانەی کردووە کە گرفتی ئاسایشیان هەیە

ئەگەر سەردانەکەی ئۆباما لەگەڵ جوگرافیای ئەو ناوچانە بەراورد بکەین کە ئێستا سەرچاوەی تەنگژەی ئاسایش و ناسەقامگیری عێراقن، دەبینن ئۆباما سەردانی ئەو شوێنانەشی نەکردووەو ئەو دوو شوێنەی چووە، دوو شوێنە ئارامەکەی بەشە عەرەبییەکەی عێراقە

پێش ئەوەی باراك ئۆبامای کاندیدی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی داهاتووی ئەمەریکا سەردانی عێراق بکات، زۆر لە چاودێران پێیانوابوو، بەرنامەو پلانی ئۆباما بۆ عێراق، زۆر لە بەرنامەو سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك بۆش بۆ عێراق کامڵترو هەمەلایەن ترە.

بەڵام کاتێك سەردانەکەی ئەنجامداو نەیتوانی چەند مەترێك زیاتر لە هەلیکۆپتەرەکەی دووربکەوێتەوە، ئەو سەرنجە لای چاودێران دروست بوو کە ئۆباماش هەر لەسەر نەخشە بە واقیعی عێراق ئاشنایەو لەبەر ئەوەی پارێزگای ئەنبار بە رووبەر لە هەموو پارێزگاکانی عێراق گەورەترەو هاوسنوورە لەگەڵ شانشینی عەرەبستانی سعودیە، پێیوایە گرنگترین پارێزگای عێراقە کە ئەنبار کۆنترۆڵکرا ئیتر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هیچ ئاستەنگ و گرفتێکی لەبەردەمدا نامێنێت.

هەندێك لە چاودێرانی نزیك لە کۆشکی سپی کە هەموویان پێشتر لە ئیدارەکانی ئەمەریکا کاریانکردووە پاکانەی ئەوە بۆ سەردانەکەی ئۆباما دەکەن کە تەنها سەردانی ئەو ناوچانەی کردووە کە گرفتی ئاسایشیان هەیە.

بەڵام ئەگەر سەردانەکەی ئۆباما لەگەڵ جوگرافیای ئەو ناوچانە بەراورد بکەین کە ئێستا سەرچاوەی تەنگژەی ئاسایش و ناسەقامگیری عێراقن، دەبینن ئۆباما سەردانی ئەو شوێنانەشی نەکردووەو ئەو دوو شوێنەی چووە، دوو شوێنە ئارامەکەی بەشە عەرەبییەکەی عێراقە کە بریتیین لە:

١. ناوچەی سەوز کە بە زۆنێکی ئەمەریکی لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت و سوپای ئەمەریکا دەیپارێزێت و بێجگە لە بەرپرسانی عێراق هیچ کەسێکی دیکەی لێ نییە.

٢. پارێزگای ئەنبار کە لە ٪٨٠ی بیابانەو هیچ کەسێکی لێ ناژی و شارەکەشی هێندەی قەزایەکی پارێزگاکانی عێراق نابێت.

هەربۆیە ئەگەر ئۆباما مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربونی ئاسایشی عێراق و ئەو ناوچانە بێت کە سەرچاوەی ناسەقامگیری عێراقن، ئەوا هەر لە ناو بەغدا سەردانێکی شاری ئەلسەدری بکردایەو پاشان چووبایە پارێزگای دیالەو کەرکووك و موسڵ.

ئەوە جێگەی ناڕەحەتی و پێ ناخۆش بوون نییە کە ئۆباما سەردانی کوێی کردووەو بۆ کوێ نەچووە، بەڵام ئەوەی مایەی ناڕەحەتی و نیگەرانییە ئەوەیە، لەوانەیە ئۆباما ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا لەسەر ئەم تێڕوانینەی کە لە عێراق بۆی دروست بووە سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق دابڕێژێت.

## حکومەتی عێراق و ستراتیژییەتی ئاسایش و سەقامگیری

حکومەتی عێراق لەوە دڵنیابووە ئەمەریکا لە دیموکراسییەتی عێراق نائومێد بووەو ئێستا عەودالی ئەوەیە بە هەر نرخێك بێت ئاسایش و سەقامگیری عێراق دابین بکات ئەگەر لەسەر حسابی دیموکراسی و مافی گەلانی عێراقیش بێت. هەربۆیە حکومەتی عێراق هەموو هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بە ئەمەریکییەکان بسەلمێنێت کە حکومەتی عێراق دەتوانێت ئەرکی بەرپرسیارییەتی پاراستنی ئاسایش بگرێتە ئەستۆ و بۆ ئەمەش بیانوویەکی باشی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆی ژمارەی هێزەکانی زیاد بکات، کە بەپێی دوا ئاماری لۆرن تۆمپسن کە یەکێکە لەو دیپلۆماتکارە ئەمەریکییانەی لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزەکانی عێراق کار دەکات و لە ژمارەی رابردوو گوڵان دیمانەی لەگەڵدا سازدابوو ئاماژە بەوە دەکات ئێستا ژمارەی هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەسە، بێگومان نابێت قەت ئەوەمان لە بیربچێتەوە کاتێك سەدام حوسێن بڕیاری شەڕی لە دژی ئێراندا، سوپای عێراق ژمارەی نەدەگەیشتە ٥٠٠ هەزار سەرباز بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم پرسە گرنگە ژمارەیەك دیپلۆماتکاری ئەمەریکی بەشداری ئەم راپۆرتەیان کردووە کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.

**پرۆفیسۆر تۆماس کرۆسەر ستوونتووسی واشنتۆن پۆست و جێگری سەرۆکی ئامۆژگای کارنجی بۆ گوڵان:**

# پاراستنی ئەمەریکا بۆ کورد سنووردارە



**پرۆفیسۆر تۆماس کرۆسەر، کە یەکێکە لە ستوون نووسە دیارەکانی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، جێگری سەرۆکی ئامۆژگای بەناوبانگی کارنجی بۆ دیراساتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و گەشەسەندنی دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا.**

**تۆماس کرۆسەر لە نووسینەکانیدا بایەخێکی گرنگ بە کێشەی عێراق دەدات و پێی وایە لەگەڵ ئەوەی دیموکراسییەتی عێراق، دیموکراسییەتێکی ناتەواوە بەڵام دەبێت لەگەڵیدا بژین.**

**سەبارەت بە ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، پرۆفیسۆر کرۆسەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

### ئەمەریکا ئامادەنەبوو باجی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بدات

*** پێنج ساڵە ئەمەریکا لە رێگەی میدیاکانەوە دەڵێت لە عێراقدا سەردەکەوین، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پێچەوانەیە، تۆ وەك رۆژنامەنووسێك ئەم جیاوازییە چۆن دەبینیت؟**

-من پێموایە هەر لە سەرەتای دەستێوەردانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە عێراقدا، پێنج ساڵ پێش ئێستا، ئەمەریکا رووبەڕووی واقیعی عێراق بۆتەوە، سەرەتا دووچاری سەرسوڕمان بوو، لەبەر ئەوەی پێشبینی ئەو واقیعەی نەدەکرد و باش خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو، لەبەر ئەوە لەو کاتەوە ئەمەریکا هەڵساوە بە گۆڕینی مامەڵەکردنی لە گەڵ ئەو واقیعەدا، بۆ نموونە لە سەرەتاوە هێزی پێویستی بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە ئامادە نەکرد، بەڵام دواتر ژمارەی هێزەکانی زیاد کرد، یاخود ئەمەریکا لە سەرەتاوە ئامادە نەبوو باجی چارەسەرکردنی کێشەکان بدات.

***کەواتە ئەمەریکا ئامادەش نییە پشتگیری گەلانی عێراق بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن ؟**

- لە راستیدا ئەوە مەسەلەیەك نییە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاری لە سەر بدات و یەکلایی بکاتەوە، ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەدات، بەڵام هەر کاتێك دیموکراسی لە عێراقدا جێگیربوو، ئەو کاتە پێکهاتەکانی عێراق خۆیان دەتوانن لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ بکەن و بگەنە رێککەوتنێك، جا ئەو رێککەوتنە بۆ پیادەکردنی سیستەمی فیدارڵی بێت لە عێراقدا، یاخود بۆ دابەشکردنی وڵاتەکە بێت، بەڵام من پێم وانیە ئەمەریکا مافی ئەوەی هەبێت بڕیار لە چارەنووسی پێکهاتەکانی عێراق بدات.

*** بەڵام دیموکراسییەتی عێراق بۆتە خۆزگەیەکی بەدینەهاتوو، تائێستا نەتوانراوە هەنگاوی جدی بۆ هەڵبگیرێت و ئێستا لە عێراقدا دەسەڵات بەدەست پارتە ئاینییەکانەوەیە، ئایا ئێستاش گەشبینن بە دیموکراسییەتی عێراق؟**

- من پێموایە ئەگەر پارتە ئاینییەکان رێساکانی گەمەی دیموکراسی قبوڵ بکەن و ئەجێندای هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا جێبەجێ نەکەن و فەرمان لە وڵاتە دەرەکییەکانەوە وەرنەگرن و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکەی خۆیان بن و لە چوارچێوەی دەستووری وڵاتەکەدا کار و چالاکییەکانیان رێکبخەن، ئەوا دەتوانن رۆڵ ببینن لە پرۆسە دیموکراسییەکەدا.

عێراق لە دوای رووخانی رژێم و دەسەڵاتی پێشووەوە هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی حکومەتێکی نیشتمانی پێك بهێنێت کە بتوانێت کاروبارەکانی وڵاتەکە بەڕێوەببات، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو پرۆسەیە لە حاڵەتی ئینتقالیدایە.

*** ئامانجی گەشتەکەی سیناتۆر باراك ئۆباما بۆ عێراق بۆ ئەوە بوو لە نزیکەوە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێت، کە لەو گەشتەیدا سەردانی بەغدا و پارێزگای ئەنباری کرد، کە رەمزی عەرەبە سوننەکانە لە عێراقدا، بەڵام سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکرد، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- لە راستیدا بۆ کەمی کات دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەمە گەشتە سەردانێکی کورت بوو، کە لە ماوەی چوار تا پێنج رۆژدا سەردانی عێراق و ئەفغانستان و ئەڵمانیای کرد، هەر بۆیە من بۆ کەمی کاتی دەگەڕێنمەوە.

***ئایا تا چەند کوردەکان دەتوانن پشت بە ئەمەریکا ببەستن بۆ ئەوەی دووبارە دووچاری سەرکوتکاری نەبنەوە؟**

- من پێموایە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا واشنۆن تێگەیشتن و تەقدیرێکی زیاتری هەیە بۆ ئەو شێوازەی ئاشتییانەی کوردەکان لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە گرتوویانەتەبەر، بەڵام سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر و تەقدیرێکی زیاتر هەیە بۆ بارودۆخی کوردەکان، ناتوانم دڵنیاتان بکەمەوە کە ئەمەریکا هەموو کارێك دەکات بۆ پاراستن و زامنکردنی ئەوەی کوردەکان بە بەرژەوەندی خۆیانی دەزانن. واتە هەرچەندە ئەمە هەواڵێکی خۆشە بۆ کوردەکان بەڵام هەواڵێکی خۆشە لە سنوورێکی دیاری کراودا.

*** ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەی رزگارکردنی عێراقە لەم بارودۆخەدا و تا چەند ئامادەی هێنانەدی گۆڕانکارییە لەناو رژێمە دیکتاتۆرەکانی جیهانی عەرەبدا؟**

- هۆکارگەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رۆڵێکی چالاکانە ببینێت لە بەدی هێنانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا، ئەمە لە بەرژەوەندی هەردولایانە و دەبێتە هۆی گۆڕینی خیتابی سیاسی عەرەبەکان، بەڵام بە داخەوە ئیدارەی سەرۆك بۆش درەنگوەخت دەستی بە بەشداری چالاکانە کرد بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەیە و ئێستاش کاتێکی کەمی لە پێشە. بۆیە من ئومێدەوارم کە ئیدارەی داهاتوو رۆڵێکی چالاکتر و کاراتر بگێڕێت، بۆ ئەوەی چیتر ئەم مەسەلەیە نەبێتە بەشێك لە ئەجێندای سیاسی وڵاتە عەرەبیەکان و چتر نەبێتە پاساوێك بۆ رەفتارە سەرکوتکارییەکانیان.

### هەوڵدان بۆ ژیان لە گەڵ دیموکراسییە ناتەواوەکەی عێراقدا

*** ئەگەر وتارێك بۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بنووسیت دەربارەی عێراق، چ ناونیشانێکی بۆ هەڵدەبژێریت و چۆن وەسفی ئایندەی ئەو وڵاتە دەکەیت؟**


- رەنگە ناونیشانەکە بەم شێوەیە بێت « هەوڵدان بۆ ژیان لە گەڵ دیموکراسییە ناتەواوەکەی عێراقدا» حاڵی حازر حکومەتی عێراق لە هەوڵی خۆپتەوکردندایە و ئەمەش بۆتە تەحەددایەك بۆ ئەمەریکا کە حکومەتی عێراق تێڕوانینی خۆی هەبێت. ئەمەش لە لایەکەوە شتێکی ئیجابییە بۆ ئەمەریکا لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق جیددیتر بووە، لە لایەکی ترەوە گرفت بۆ ئەمەریکا دروست دەکات لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی سنوردارکردنی رۆڵی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا.

**پێموایە ئەگەر پارتە ئاینییەکان رێساکانی گەمەی دیموکراسی قبوڵ بکەن و ئەجێندای هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا جێبەجێ نەکەن ئەوا دەتوانن رۆڵ ببینن لە پرۆسە دیموکراسییەکەدا**

**پێموایە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا واشنۆن تێگەیشتن و تەقدیرێکی زیاتری هەیە بۆ ئەو شێوازەی ئاشتییانەی کوردەکان لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە گرتوویانەتەبەر**

## پرۆفیسۆر ولیام، ئار، پۆلک نووسەر و دیپلۆماتکاری ئەمەریکی بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد بۆ پارێزگاریکردنی دەسکەوتەکانی پشت بەخۆی ببەستێت



**دیپلۆماتکار و نووسەری ناوداری ئەمەریکی ولیام، ئار، پۆلك کە ئێستا لە باشووری فەرەنسا دادەنیشێت، یەکێکە لەو دیپلۆمات ئەمەریکیانەی لە سەردەمی سەرۆك جون کیندی وەك ئەندامی ستافی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەستنیشانکراوە و دامەزرێنەری سەنتەری دیراساتی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ساڵی (١٩٩٦) لە زانکۆی هارڤارد و یەکێکە لەو پسپۆڕ و دیپلۆماتکارە شارەزاکانی سەردۆسێی عێراق و خاوەنی دەیان دیراسەت و توێژینەوە لەسەر عێراقە و زۆربەی میدیا بەناوبانگەکانی جیهانیش لەسەر دۆسێی عێراق بەردەوام چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەن و چەندین جاریش سەردانی عێراقی کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستا عێراق و سەردانی ئۆباما بۆ عێراق پرۆفیسۆر پولك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

### لە عێراقدا گرێبەندی کۆمەڵایەتی هەڵوەشاوە

*** بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی واقیعی ناگرێتەبەر بە چەشنێك واقیعی بارودۆخی عێراق لەبەرچاو بگرێت؟**

- سەرەتا من شەرەفمەند و خۆشحاڵم بەوەی دەرفەتم بۆ رەخسا لەگەڵتاندا بدوێم، لە راستیدا پرسیارەکەی ئێوە دوو بەشە، یەکەمیان ئایا عێراق قەوارەیەکی یەکگرتووە، ئەگەر وایە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی پتەوکردنی نادات. ئەمە پێویست بە گەڕانەوە بۆ رووداوەکانی رابردوو دەکات، کاتێك وڵاتێك داگیر دەکرێت هەروەك ئەوەی لە عێراقدا بەدیمان کرد،، ئەوا ئەم داگیرکارییە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن رێککەوتنی کۆمەڵایەتی. کاتێك بریمەر کرایە حکومڕانی عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجامدا، لە هەڵبژاردنەکانیشدا، دانیشتوانی عێراق دەنگی بۆ سیاسەتی پارتەکان نەدا، بەڵکو دەنگیان بۆ گروپە ئیتنییەکانی خۆیاندا، شیعە لەبەر ئەوەی زۆرینەبوون، بەسەر حکومەتدا زاڵ بوون، ئەمەش وای لە کورد و سوننەکان کرد بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، کوردەکان بەشداریان کرد لە حکومەتدا و سوننەکانیش لە دەرەوەی حکومەتدا مانەوە. بەڵام کاتێك شیعەکان لە ناوخۆیاندا دابەشبوون، دوو شت روویاندا، یەکەمیان ئەمەریکییەکان زۆر قەڵس بوون بەو هێرشانەی شیعەکان دەیان کردە سەر سوننەکان، لە لایەکی ترەوە شیعەکان زۆر نزیك بوون لە دیارترین دوژمنی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، ئێران، ئەمەریکا پێی وابوو کە هیچ رێگاچارەیەکی سیاسیی نییە، بۆ ئەم کێشەیە، بۆیە پەنای بردە بەر رێگاچارەی سەربازی کە سەرکەوتووو نەبوو. من پێم وایە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە دەستنیشانکردنی چارەنوسی نەتەوەیەکی تر و دەبوایە زۆر پێش ئێستا ئەمەریکا لە عێراق بکشایەتەوە، من دوو ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ یەکێك لە پاڵێوراوەکانی دیموکراتەکاندا بۆ سەرۆکایەتی هەوڵماندا پلانێکی تۆکمە و عەمەلی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دابڕێژین.

**دوو ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ یەکێک لە پاڵێوراوەکانی دیموکراتەکاندا بۆ سەرۆکایەتی هەوڵماندا پلانێکی تۆکمە و عەمەلی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دابڕێژین**

### ڕەنگە جێگیرکردنی فیدراڵیزم ڕێگایەکی سەرکەوتوو بێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

*** کەواتە ئەوەی تۆ باسکردت ئاماژەیە بۆ ئەوەی ناکرێت عەرەبیش چارەنووسی کورد دیاری بکات بە پیچەوانەوەش، ئایا ئەمەریکا بۆ گەلانی عێراق ئازاد ناکات خۆیان بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن؟**

- راستە ناکرێت دەوڵەت بە نەتەوە یەکسان بکەین، لەبەر ئەوەی نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە خەسڵەتگەلێکی هاوبەشان هەیە، وەك زمان و هەندێ جار ئاین و هتد، بۆ نموونە زۆرێك لە دەوڵەتان چەند نەتەوەیەکی جیاوازیان تێدا دەژی، وڵاتی چین چەندین نەتەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت، هەر یەکە لە روسیا و فەرەنسا نزیکەی سێ نەتەوە لە خۆدەگرن. زۆرجار دەوڵەتەکان هەوڵی لە ناوبردن و سەرکوتکردنی کەمینەکان دەدەن، زۆرجا هەوڵی پەراوێزکردنیان دەدەن، لە رێی بایەخپێنەدانیان لە رووی ئابووریەوە، بەڵام ئەم هەوڵە نەك هەر دەبنە هۆی شەڕی گەریلای و شەڕی ناوخۆی، بەڵکو شکستیش دەهێنن. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی ئیدارەی سەرۆك بۆشەوە هەبێت، ئەوا من ناتوانم لە بری ئەو ئیدارە لێدوان بدەم.

بەڵام دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق لە لایەن کەسانێکەوە داڕێژرا، کە پێیان دەوترا، موحافیزکارە نوێیەکان، ئەو دەستەیە پێیان وابوو کە ئەمەریکا هێز و توانای هەیە سەرلەنوێ جیهان دابڕێژێتەوە، هەر بۆیە کاتێك لە عێراقدا دەستیان بە پرۆژەکەیان کرد، هەوڵیان دا رێسا دیموکراسیەکان

بچەسپێنن، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، لەبەر ئەوەی ناتوانیت نەتەوەیەکی تر ناچار بکەیت، بەو شێوەیە ژیانی خۆی ڕێکبخات کە تۆ دەتەوێت. من پێم وایە پێکهاتەکانی عێراقیش ناتوانن ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن، باشترین ڕێگاچارە دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، ڕەنگە جێگیرکردنی فیدراڵیزم ڕێگایەکی سەرکەوتوو بێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵام ئەو پرۆسەیەش دەبێت پرۆسەیەکی ناوخۆی بێت و عێراقییەکان خۆیان لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتەکانی چی بێت و هەرێمەکانیش چ دەسەڵات و سەڵاحیەتێکیان هەبێت و نابێت هێزە دەرەکییەکان دەستێوەردان بکەن و بیسەپێنن بە سەریاندا.

***لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردودا عێراق نەیتوانیووە هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵبگرێت کە جێگەی ئاماژە پێکردن بێت .، ئایا هۆکاری ئەم چەقبەستنە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟ پێت وایە هۆکارەکە لاوازی حکومەتی عێراقە؟**

- لە ڕاستییدا حکومەتێکی لەو چەشنە کارێکی زۆری لێ چاوەڕوان ناکرێت، ئەوەی لە دەستووری عێراقدا جێی مەترسییە، ئەوەیە ئەو دەستوورە لە لایەن کەسانێکی دەرەکییەوە نووسراوەتەوە، لە لایەن چەند کەسێکی ئەمەریکیەوە داڕێژراوە و خراوەتە بەردەم دانیشتوانی عێراق بۆ ئەوەی پەسەندی بکەن، ئەمەش هۆکاری ڕێکنکەوتنە لە سەر جێبەجێکردنی دەستوور،. ئەگەر لە دەستووری ئەمەریکا بڕوانین، دەبینین، هەرچەندە نووسینەوەی ئەو دەستوورە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دووروودرێژبوو، هەروەها گفتوگۆی سەختی لە خۆ گرت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە لایەن نوێنەرەکانی پێکهاتەکانی وڵاتەکە نووسرایەوە، ئەوا کۆدەنگییەك دروست بوو بۆ ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی.

## من لە هەر لە بنەڕەتدا پێموایە
## بیرۆکەیەکی باش نەبو ئۆباما سەردانی عێراق بکات

***ئامانجی گەشتەکەی سیناتۆر باراك ئۆباما بۆ عێراق بۆ ئەوە بوو لە نزیکەوە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێت، کە لەو گەشتەیدا سەردانی بەغدا و پارێزگای ئەنباری کرد، کە ڕەمزی عەرەبە سوننەکانە لە عێراقدا، بەڵام سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکرد، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا من لە هەر لە بنەڕەتدا پێم وایە بیرۆکەیەکی باش نەبوو ئۆباما سەردانی عێراق بکات، لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ ئەو جێگایانە براوە کە بەرپرسانی ئیدراەی ئەمەریکا خوازیارە بیان بێنێت، هەرچەندە ئەو سەردانی ئەو شوێنانەی کرد کە زەحمەتە چەند مەترێك لە کۆپتەرەکەت دووربکەیتەوە بێ ئەوەی سەلامەتی خۆت بخەیتە مەترسییەوە. بۆ ئەوەی ئۆباما لە واقیعی بارودۆخی عێراق تێبگات دەبوو لەگەڵ خەڵکی سەر شەقامەکاندا بدوایە، کە ئەوەش لەبەر ڕەوشی ئەمنی کارێکی کردەنی نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆباما ئەزموونێکی سنووورداری هەیە لە کاروباری دەرەوەدا، ئەوا ڕاوێژکارەکانی ڕایان سپاردووە کە ئەو گەشتە بکات. من پێم وایە کوردەکان شتێکی ئەوتۆیان لە دەست نەداوە، کە ئۆباما سەردانی نەکردوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە کارێکی ژیرانە نەبوو کە سەردانی کوردستانی نەکرد.

*** ئایا تا چەند کوردەکان دەتوانن پشت بە ئەمەریکا ببەستن بۆ ئەوەی دووبارە دووچاری سەرکوتکاری نەبنەوە؟**

- من پێم وایە هەر کاتێك بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەرچوو، ئەوا ئەمەریکا هەڵناستێت بە بەرگریکردن لە هیچ گروپ و پێکهاتەیەکی عێراق، لەبەر ئەوەی ڕای گشتی ئەمەریکا وەڕس بوونە لەو هەمووو کوشتارەی لە سەربازە ئەمەریکییەکان و لە خەڵکی مەدەنی عێراق کراوە، هەروەها لەو هەموو داراییەی بە هەدەر دراوە لەو شەڕەدا. بەڵام ئەگەر جۆن مەککاین سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ لە عێراقدا بمێنێتەوە چەند بنکەیەکی سەربازی لە عێراقدا جێگیر بکات. ئەوەی پەیوەندی بە چارەنووسی کوردەکانەوە هەبێت، بە لای منەوە، کارێکی ژیرانە نییە کوردەکان پشت بە هیچ هێزێکی دەرەکی ببەستن بۆ بەرگری لێکردنیان، لێرەدا دوو ڕێگاچارە هەیە، یان ئەوەتا کوردەکان هێزێکی سەربازی گەورە پێك بهێنن، کە ئەوەش سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، لەبەر ئەوی تورکیا و ئێران هەوڵی سەرکوتکردن و سنووردارکردنی دەدەن ئەمەش مەترسی لە سەر کوردەکان دروست دەکات و ناکۆکی دەخوڵقێت.، ڕیگاچارەی دووەم کە پێم وایە عەمەلییە و ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت، ئەوەیە بەشداری بکەن لە بنیاتنانەوەی عێراقێکی سەقامگیر، کە کوردەکان تێیدا سەلامەت و پارێزراوە بن و بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی تێیدا بژین.

***هەست دەکرێت دوای سەرنەکەوتنی ئەمەریکا لە عێراقدا ئەمەریکا هەوڵەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەك پێشان نییە، ئایا عێراق هێندە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە ئەگەر وایە بۆ هەوڵنات عێراق رزگار بکات و سیاسەتی خۆشی راست بکاتەوە؟**

-کارێکی ژیرانە نییە چاوەڕوانی ئەمەریکا بکەن هەڵبستێت بە رزگاکردنی عێراق هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، لەبەر ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەمەریکا زیانێکی زۆری بە عێراق و خۆشی گەیاندووە، من لەو باوەڕەدام بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ گۆڕینی هەر رژێمێك لە ناوچەکەدا هەمان ئەو کارەساتەی لێدەکەوێتەوە کە لە عێراقدا روویدا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت، ئەوا ئێوە گەلێکی ژیر و خۆڕاگرن، ئەگەر بگەنە ڕێککەوتنێکی گونجاو لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، دەتوانن ناسنامە و کەلتوور و زمانی خۆتان بپارێزن و بە ئاشتی بژین، من پێم وایە ئەوە تەنیا ڕێگاچارەی عەمەلیە بۆ ئێوە. ئێوە دەتوانن بە ژیری خۆتان ئامانجەکانتان بهێننەدی، بەڵام نابێت چاوتان لە هێزی دەرەکی بێت بتان پارێزێت، دەبێت ئەو ڕاستییەتان لەبەرچاو بێت کە دەبێت بە لێهاتویی و بە توانای خۆتان بەرەنگاری سەختی و مەترسییەکان ببنەوە و ڕەوتی ژیان و چارەنوسی خۆتان دیاری بکەن.

سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق لە لایەن کەسانێکەوە داڕێژرا، کە پێیان دەوترا، موحافیزکارە نوێیەکان، ئەو دەستەیە پێیان وابوو کە ئەمەریکا هێز و توانای هەیە سەرلەنوێ جیهان دابڕێژێتەوە، هەر بۆیە کاتێک لە عێراقدا دەستیان بە پرۆژەکەیان کرد، هەوڵیان دا ڕێسا دیموکراسیەکان بچەسپێنن، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا

من لە هەر لە بنەڕەتدا پێم وایە بیرۆکەیەکی باش نەبوو ئۆباما سەردانی عێراق بکات، لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ ئەو جێگایانە براوە کە بەرپرسانی ئیدراەی ئەمەریکا خوازیارە بیان بێنێت

بالیۆز پریستۆن لایمان یاریدەدەری پێشووی وەزیری کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# پاراستنی پێشکەوتنەکانی کوردستان ئەرکی ئەمەریکایەو لەبەرژەوەندی ئەمەریکاشدایە



**پریستۆن لایمان، پێشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لەباشووری ئەفریقیاو نیجیریا و هەروەها یاریدەدەری وەزیری کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووە لە حکومەتی ئەمەریکا و پسپۆڕو تایبەتمەندە لەم بوارانە:**
**(بیابانی ڕۆژئاوای، بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری، دیموکراتیزەکردن، هەڵبژاردن، حکومەتی جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان).**
**باڵیۆز لایمان، وەك دبلۆماتکارێکی سەرکەوتوو چەندین جار بۆ کێشەو گرفتەکانی جیهان لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە ڕاسپێردراوە لەکارەکانیشدا سەرکەوتوو بووە.**
**باڵیۆز لایمان، سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و گەشتەکەی ئۆباما بۆ عێراق بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

**ئۆباما سەردانی ئەو شوێنانەی کردووە لە عێراقدا کە گرفتی ئاسایشی تێیاندا گرفتێکی گەورە و بەرچاوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی ئارام و سەقامگیری هەیە**

### ئۆباما سەردانی ئەوشوێنانەی کرد کە گرفتی ئاسایش و سەقامگیریان هەیە

***ئامانجی گەشتەکەی سیناتۆر باراك ئۆباما بۆ عێراق بۆ ئەوە بوو لە نزیکەوە بارودۆخەکە هەڵسەنگێنێت، کە لەو گەشتەیدا سەردانی بەغدا و پارێزگای ئەنباری کرد، کە ڕەمزی عەرەبە سوننەکانە لە عێراقدا، بەڵام سەردانی هەرێمی کوردستانی نەکرد، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

-ئەوە پرسیارێکی باشە، من پێموایە دوو هۆکار هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە مەسەلەی کاتەوە، واتە سیناتۆر ئۆباما لە گەشتەکەیدا سەردانی چەند وڵات و شوێنێکی کرد لە ماوەیەکی کورتدا، لەبەر ئەوە ڕەنگ دەرفەت نەبوبێت، لە لایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی باس لە دانانی خشتەیەکی زەمەنی دەکرێت بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوا ئۆباما سەردانی ئەو شوێنانەی کردووە لە عێراقدا کە گرفتی ئاسایشی تێیاندا گرفتێکی گەورە و بەرچاوە، بەڵام هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی ئارام و سەقامگیری هەیە.

### ئەمەریکا لەسەرەتادا واقعییانە مامەڵەی لەگەڵ عێراق نەکرد

*** پێکهاتەکانی عێراق بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەبەرچاو ناگرن، ئەمەش بۆتە هۆکاری شکستی پرۆسەی ئاشتەوایی لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی واقیعی ناگرێتەبەر بە چەشنێك واقیعی بارودۆخی عێراق لەبەرچاو بگرێت؟**

- من پێموایە سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، سەرەتا ئەمەریکا پێی وابوو لەگەڵ ڕووخان و هەرەسهێنانی ڕژێمی سەددام حوسێندا، پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە کۆدەبنەوە و بە ئاسانی دەگەنە ڕێککەوتن و کۆدەنگی، بەڵام ئەمەریکا لەم تێڕوانینەیدا جیاوازییە قوڵەکانی نێوان ئەو پێکهاتانەی لەبەرچاو نەگرتبوو، دواتر ئەمەریکا هەوڵی پشتگیری کردنی حکومەتی مالیکی دا بۆ ئەوەی کۆدەنگییەکی سیاسی بەدەست بهێنێت، پاشان پشتیوانی لە عەشیرەتە عەرەبەکانی سوننە کرد بۆ ئەوەی شەڕی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بکەن، واتە بەرەوپێشچوونێك لە سیاسەتی ئەمەریکادا بەدی دەکرێت. تا گەیشتۆتە ئەوەی ئەمەریکا زیاتر لە ئاڵۆزییەکانی سەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا تێبگات و هەوڵبدات لە نێو ئەو پشێویەدا کۆدەنگییەك دروست بکات و هەوڵی بەدیهێنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی هاوبەش بدات لە نێو عێراقییەکاندا.

**سربیا و بۆسنیا دەبێت پشت بە یەکێتی ئەوروپا ببەستن، بە هەمان شێوە لە عێراقدا، ئەگەر بەشێکی وڵاتەکە خوازیاری سەربەخۆیی بوو، ئایا تا چەند لە ڕووی ئابوورییەوە پەیوست دەبێت بە عێراقەوە. من پێموایە دەبێت لە عێراقدا بیر لە ڕێگا چارەی فیدراڵیزم بکرێتەوە**

### دەبێت لە عێراقدا بیر لە ڕێگە چارەی فیدراڵیزم بکرێتەوە حکومەتە هەرێمییەکان خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن

*** مێژووی دەوڵەتی نەتەوەی پێمان دەڵێت، کە ناتوانرێت هەستی نەتەوەیی هیچ نەتەوەیەك سەرکوت و خامۆش بکرێت، نموونەیەکی زیندوو لەو بارەیەوە بریتییە لە ئیسپانیا، ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی بووەو و پێشتر ئیمپراتۆر بووە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەرێمێکی وەك کەتەلۆنیا هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەدات، بە هەمان شێوە هەرێمی کیبوبیك لە کەنەدا، کە سەرەڕای ئەوەی حکومەتی مەحەلی خۆیان هەیە، بەڵام هەر چوار ساڵ جارێك ڕاپرسی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بۆچی ئەمەریکا ئەم ڕاستییە لەبەرچاو ناگرێت و ڕێگە بە پێکهاتەکانی عێراق نادات، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن؟**

-لە ڕاستیدا لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا ئەو تێڕوانینە هەبوو، بە تایبەتی لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا، کە هەڵکشانی ڕەوتی سەربەخۆخوازیی ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە و بزوتنەوە سەربەخۆخوازەکان هۆکاری شڵەژانی بارودۆخەکەن و لە بری ئاشتی و ئارامی پشێویان لێدەکەوێتەوە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە لەبەریەك هەڵوەشان و هەرەسهێنانی یوگسلافیای پێشو بکەین، کە چۆن بووە

هۆی هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتار و توندوتیژی. لە لایەکی ترەوە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئایا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی چ ئامانجێك دەهێنێتەدی، ئەگەر ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە لە رووی ئابوورییەوە پشت بە قەوارەیەکی گەورەتر لە خۆی ببەستێت. بۆ نموونە سربیا و بۆسنیا دەبێت پشت بە یەکێتی ئەوروپا ببەستن، بە هەمان شێوە لە عێراقدا، ئەگەر بەشێکی وڵاتەکە خوازیاری سەربەخۆیی بوو، ئایا تا چەند لە رووی ئابوورییەوە پەیوەست دەبێت بە عێراقەوە. من پێموایە دەبێت لە عێراقدا بیر لە ڕێگاچارەی فیدراڵیزم بکرێتەوە، کە حکومەتە مەحەلییەکان خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن، ئەمەش ئەرکێکی ئاڵۆزە، بە تایبەتی کە پێویستی بە ڕێککەوتن دەبێت لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتی نەوت.

## ئامانجی ئێستای ئەمەریکا لەعێراقدا ئاسایش و سەقامگیرییە نەک دیموکراسی

*** ئەو عێراقە دیموکراسییەی ئیدارەکەی سەرۆك بۆش ئومێدی ئەوەی پێ بوو ببێتە سەرچاوەی دیموکراسی و گۆڕان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێك پارتی سیاسی ئایینی و ئوسوڵی بەسەر ژیانی سیاسی وڵاتەکەدا زاڵ بوونە، بۆ نموونە شیعەکان خۆیان بە درێژکراوەی ئێران دەزانن و سوننەکانیش خۆیان بە درێژکراوەی دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان دەزانن، ئایا ئەم پارتە ئیسلامییانەی دەتوانن دیموکراسی لە عێراقدا بەدی بهێنن؟**

- راستە لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەمەریکا ئەوەبوو عێراق ببێتە مۆدیلی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە واقیعەکە زۆر لەوە سەختتر و ئاڵۆزترە، بۆیە ئێستا ئامانجی کورت مەودای ئەمەریکا خولْقاندنی عێراقێکی ئارام و سەقامگیرە، بەڵام مەسەلەی دیموکراسی دەبێت عێراقییەکان خۆیان کۆششی سەختی بۆ بکەن و خۆیان لەو بارەیەوە بڕیار بدەن. لەبەر ئەوەی ئەمەریکا پتر جەخت لەسەر چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری دەکاتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ عێراقییەکان بڕەخسێنێت تاوەکو لە ئایندەدا دیموکراسییەتێکی درێژخایەن جێگیر بکات.

***لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، تەنها شتێکی ئیجابی لە عێراقدا رووی دابێت، بریتییە لە دارشتنی دەستوور، بەڵام تاوەکو ئێستا یەك ماددەی ئەو دەستوورە جێبەجێنەکراوە، بەڵکو بگرە لێکدانەوەی جیاوازیش بۆ مادەە و بڕگەکانی دەستووری دەکرێت، ئایا چی لە حکومەتێك چاوەڕوان دەکرێت کە نەتوانێت دەستووری وڵاتەکە جێبەجێ بدات؟**

- لە راستیدا کاتێك دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵناستێت بە جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان، دەبێت پەرلەمان و دادگاکان فشار بخەنە سەر حکومەت و ناچاری بکەن جێبەجێیان بکات، ئەمە توخمێکی بنەڕەتییە لە دیموکراسیدا و ئەمە هۆکاری سەرکەوتنی دیموکراسییە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێك کەموکوڕی لە حکومەتدا بەدی دەکرێت، ئەوا دادگاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، لەبەرئەوە کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ئەو دامەزراوانە بنیات بنرێت کە بە فیعلی دەتوانن چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن و بتوانن فشار بخەنە سەری و ناچاری بکەن یاساکان جێبەجێ بکات.

## پاراستنی ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کوردستاندا هاتۆتەدی هەم ئەرکی ئەمەریکایە و هەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەهێنێتەدی

*** سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان، بەڵام هەر کاتێك مەسەلەکان پەیوندیان بە مافەکانی کوردەکانەوە هەبێت، ئەوا یەك دەنگ و یەك هەڵوێست دەبن، تەنانەت دوای رزگارکردنی عێراقیش کوردەکان لە خەم نەڕەخسیون و هەڕەشە و مەترسیان لەسەرە، ئایا تا چەند کوردەکان دەتوانن پشت بە ئەمەریکا ببەستن بۆ ئەوەی دووبارە دووچاری سەرکوتکاری نەبنەوە؟**

- ئەوە یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، من پێموایە نیەتی راستەقینە و جیددی بۆ پاراستنی کوردەکان لە دوای شەڕی کەنداوی یەکەمەوە دەستی پێکرد، کاتێك کوردەکان ناچارکران روو لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا بکەن، کە ئەو کاتە ئەمەریکا دەستێوەردانی کرد و هاوکاری کوردەکانی کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەڵام من هاوڕام لە گەڵ ئێوە کە مەسەلەی پاراستنی کوردەکان لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئایندەی عێراقەوە بایەخی پێویستی پێنەدراوە، لەبەرئەوە من پێموایە پاراستنی ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کوردستاندا هاتۆتەدی، هەم ئەرکی ئەمەریکایە و هەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەهێنێتەدی.

*** پێش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، باشترین ڕێگاچارە بۆ عەرەبەکان بۆ داپۆشینی شکستی خۆیان لە ناو وڵاتەکانیاندا، ئاڵۆزکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بوو، حاڵی حازر هەمان سیاسەت بەرامبەر عێراق پیادە دەکەن، ئایا تا چەند ئەمەریکایە ئامادەی رزگارکردنی عێراقە لەم بارودۆخە و تا چەند ئامادەی هێنانەدی گۆڕانکارییە لە رژێمە دیکتاتۆرەکانی جیهانی عەرەبدا؟**

- لە راستیدا حاڵی حازر ئەمەریکا ئیشتهایەکی کەمی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەیە لە ناوچەکەدا، دوای ئەو ئاڵۆزییەی لە بارودۆخی عێراقەوە دروست بوو، کە سەرۆك بۆش پێی وابوو گۆڕینی رژێمی عێراق رەنگدانەوە و کاریگەری قوڵی دەبێت لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئێستا ئامادەی و تموحێکی کەمتری هەیە بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکە، هەرچەند من پێموایە کەسانێکی زۆر لە جیهان و تەنانەت لە ناوچەکەشدا خوازیارن ئەو گۆڕانکاریە بێتەدی و من پێموایە دەبێت ئەو کەسانە هان بدرێن.

## دەبێت یەکەمجار بونیادی سیاسی بە چەشنێک داڕێژرێتەوە تێکڕای عێراقییەکان هەست بکەن دەستڕۆیشتوویی سیاسیان هەیە

***ئێوە وەك دیبلۆماتکارێکی ئەمەریکی راسپێردرابوون بۆ چارەسەرکردنی چەند کێشە و گرفتێك لە ئەفریقیادا، ئەگەر ئێستا ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقت پێ بسپێرن، یەکەم هەنگاوی ئێوە چی دەبێت؟**

- من گومانم هەیە لەوەی ئەو ئەرکە بخەنە سەر شانی من، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو تەکلیفە خرایە ئەستۆی من، پێموایە دەبێت یەکەمجار بونیادی سیاسی بە چەشنێك دابڕێژرێتەوە کە تێکڕای عێراقییەکان هەست بکەن دەستڕویشتووی سیاسیان هەیە و هەلی یەکسانی ئابووریان بۆ رەخسێنراوە، ئەمە مەسەلەیەك ی، دواتر دەبێت بیر لە چۆنییەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بکەینەوە.

●●●
**لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێک کەموکوڕی لە حکومەتدا بەدی دەکرێت، ئەوا دادگاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، لەبەرئەوە کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ئەو دامەزراوانە بنیات بنرێت کە بە فیعلی دەتوانن چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن و بتوانن فشار بخەنە سەری و ناچاری بکەن یاساکان جێبەجێ بکات**
●●●

●●●
**بەڵام من هاوڕام لە گەڵ ئێوە کە مەسەلەی پاراستنی کوردەکان لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئایندەی عێراقەوە بایەخی پێویستی پێنەدراوە، لەبەرئەوە من پێموایە پاراستنی ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کوردستاندا هاتۆتەدی، هەم ئەرکی ئەمەریکایە و هەم بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەهێنێتەدی**
●●●

# لە دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێنەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی ناو پەرلەمان

لەو وڵاتانەدا کە دەسەڵاتی سەروەریی یاسا جێی خۆی نەگرتووە، دادگاکان سەربەخۆ نین هەتا بتوانرێت بە رێگەی یاسایی مافەکان بپارێزرێن، لەم حاڵەتەدا بەرهەمی سندوقەکانی دەنگدان وەك پرۆفیسۆر لاری دایمۆند لە دواین وتاری نیسان و ئایاری ٢٠٠٨ کە لە گۆڤاری خۆربن ئەفیرز بڵاوی کردۆتەوە دەبێتە هۆکاری پاشەکشەی دیموکراسی نەك بەرەوپێشەوەبردنی دیموکراسی، دەوڵەتیش دەبێتە درندە بەسەر پێکهاتەکانی خۆیەوە.

مێژووی هەڵبژاردن و دەنگدانیش پێمان دەڵێت زۆر لە دیکتاتۆرەکان بە رێگەی سندوقی دەنگدان هاتوونەتە سەر دەسەڵات کە تازەترینیان سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی دیکتاتۆرو هۆگۆ شافێزی سەرۆکی فەنزویلایە.

ئێستاش لە عێراقدا خەریکە پرۆسەی دیموکراسییەکەی بە هەمان رێگە هەنگاو هەڵدەگرێت.

لە ژمارەکانی پێشووی گوڵاندا پرۆفیسۆر ساجایا سینغ کە یەکێکە لە پسپۆرە ناودارەکانی بواری فیدرالیزم لە جیهاندا راشکاوانە پێی راگەیاندین»نابێ ئەگەری دروستبوونەوەی کەسایەتییەکی دیکتاتۆری وەك سەدام حوسێن لە عێراقدا بە دوور بزانن».

ئەم مەزندەی پرۆفیسۆر ساجایا لە هەفتەی رابردوو لە پەرلەمانی عێراقدا سەریهەڵداو خەریك بوون بە رێگەی زۆرینەو گەلەکۆمەکێ مافی کورد پێشێل بکەنەوە.

**رێوشوێنی پێویست بۆ رەواندنەوەی مەترسی دیکتاتۆری زۆرینە**

تەنها گەرەنتییەك کە کورد لە بەردەستیدا بێت بۆ ئەوەی دووچاری هەڕەشەی زۆرینە نەبێتەوە، گەرەنتی دەستوورییە، هەربۆیە زۆر گرنگە مەسەلەی جێبەجێکردنی دەستوور دامەزراوەکان بۆ پاراستنی ئەو دەستوورە بکرێتە بنەماو مەرجی پێشوەختەی هەر هاوپەیمانییەکی سیاسی کە کورد لە ئایندە گرێی دەدات لەم حاڵەتەدا دەبێت هەوڵبدرێت هاوپەیمانی لەسەر بنەمای بڕوابوون بە دیموکراسی و عێراقی ئایندەو پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە گرێبدرێن و ناشێت هەموو کارتەکان بەو هاوپەیمانیانەوە گرێبدرێت.

ئەوانەی بۆ ئەم راپۆرتە قسەیان کردووە هەموویان جەخت لەسەر یەك خاڵی گرنگ دەکەنەوە ئەویش گەرەنتی دەستوورییەو سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەرییە کە بەداخەوە هیچیان لە ئێستای عێراقدا جێگەی زەمانەت و گەرەنتی نین.



●●●

**لە ژمارەکانی پێشووی گوڵاندا پرۆفیسۆر ساجایا سینغ کە یەکێکە لە پسپۆرە ناودارەکانی بواری فیدرالیزم لە جیهاندا راشکاوانە پێی راگەیاندین»نابێ ئەگەری دروستبوونەوەی کەسایەتییەکی دیکتاتۆری وەک سەدام حوسێن لە عێراقدا بە دوور بزانن». ئەم مەزندەی پرۆفیسۆر ساجایا لە هەفتەی رابردوو لە پەرلەمانی عێراقدا سەریهەڵداو خەریک بوون بە رێگەی زۆرینەو گەلەکۆمەکێ مافی کورد پێشێل بکەنەوە**

●●●

پرۆفیسۆر جۆل میگدال ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سیاتل بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی لە دیکتاتۆری زۆرینە پارێزراو بین پێویستمان بە سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ هەیە



پرۆفیسۆر جۆن میگدال، ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سیاتل لە ئەمەریکا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر حکومەت و حکومەتە لۆکاڵەکان لە سیستەمی فیدراڵیدا.
میگدال، یەکێکە لە توێژەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بایەخ بە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵاتدا پرۆفیسۆر میگدال بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو:

**هەندێک جار بەرهەمی هەڵبژاردن تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەتی زۆرینەیە**

*** هەموو کات بەرهەمی هەڵبژاردن دیموکراسی نییە بەڵکو زۆر جار سندوقەکانی دەنگدان میلۆسۆڤیچێکت پێشکەش دەکات، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین مەترسی زۆرینە بڕەوێنینەوە؟**

- ئەوە پڕسیارێکی باشە، زۆرجار بەم حاڵەتە دەگوترێت تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەتی زۆرینە، دیموکراسی لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان نوێنەرایەتییە کە نوێنەرایەتیش لە سەر بنەمای زۆرینەی دەنگەکان دروست دەبێت، ڕەهەندی دووەمی دیموکراسی بریتییە لە مافەکان، مەبەستم لە پاراستنی مافەکانی هاووڵاتییانە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی زۆرینە. ئەو مافانەش ئازادی رادەبڕین و کۆبوونەوە... هتد لە خۆدەگرێت بۆ کەمینە. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی سەرهەڵدەدات، چۆن بتوانین ئەو مافانە بپارێزین، لێرەدا رۆڵی دادگاکان دیار دەبێت لە پاراستنی ئەو مافانە، واتە ئەگەر سیستمێکی قەزائی سەربەخۆت هەبوو، کە ملکەچی ئیرادەی زۆرینە نەبوو، ئەوا دەرفەتێکی باش دەڕەخسێت بۆ پاراستنی ئەو مافانە. هەندێ جار مافی کەمینەکان، تەنها پەیوەست نیە بەو کەمینەیەی کە لە کاتی دەنگداندا بۆ پارتێکی دیاری کراو، یان پاڵێوراوێکی دیاری کراو دروست دەبێت، بەڵکو هەندێ جار کەمینەکان گروپێکی ئیتنی جیاوازن، کە لەو کاتەدا مەسەلە تەنها پاراستنی مافی تاکەکان نابێت، بەڵکو مەسەلەی پاراستنی مافە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، وەك کەمینەی سربەکان لە کرواتیا، کە بە دڵنیاییەوە ئەوە کێشەکە لە عێراقدا بوونی هەیە.

ئەگەر سیستمێکی قەزائی سەربەخۆت هەبوو، کە ملکەچی ئیرادەی زۆرینە نەبوو، ئەوا دەرفەتێکی باش دەڕەخسێت بۆ پاراستنی ئەو مافانە

**دەبێت مافی ئەو گرووپانەی کەمینەن بە باشی لە دەستووردا بچەسپێنرێن**

*** ئەم مەترسییە بۆ وڵاتی فرەنەتەوە زۆر ترسناکە، لەبەر ئەوەی تاکەکان لەسەر حسابی نەتەوەکان دەنگدەدەن، نەك ماف و دیموکراسی، ئەگەر نەتەوەیەك ڕووبەڕووی ئەم واقیعە بێتەوە چۆن دەتوانێت پارێزگاری لە مافەکانی خۆی بکات ؟**

- وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە نیە، بەڵام من پێموایە دەکرێت چەند هەنگاوێك بگرینەبەر بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە، یەکەمیان دەبێت سیستەمێکی قەزائی سەربەخۆ هەبێت کە ملکەچی دەسەڵات و بڕیارە سیاسییەکان نەبێت و نوێنەرایەتی تێکڕای گروپە ئیتنی و ئاینییەکان لە خۆبگرێت.

دووەمیان دەبێت دەزگای بیرۆکراسی وڵاتەکە رەنگدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە بێت، هەروەها دەبێت سوپای وڵاتەکە لە ئەندامانی تێکڕای گروپە ئاینی و ئیتنیە جیاوازەکان پێکهاتبێت و لە ژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا بێت، نەك تەنها لە ئەندامانی گروپێکی ئاینی یان ئیتنی دیاری کراو، خاڵی چوارەم دەبێت مافی ئەو گرووپە کەمینانە بە باشی لە دەستووردا بچسپێنرێن.

*** ئایا تا چەند دیکتاتۆرییەتی زۆرینە ئایندەی عێراق دووچاری مەترسی دەکات؟**

- ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت بە بەردەوامی و بێ پچڕان کاری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی پێشتریش عەرەبەکان مافەکانی کوردیان پێشێل دەکرد، هەرچەندە ئێستا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ هەڵکەوتووە بۆ پاراستنی مافەکانی خۆیان، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، دەبێت بە بەردەوامی گفتوگۆ لە سەر مەسەلەیە بکەین.
هەر لەبەر ئەوە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بەوە کرد لە پاڵ پرۆسەی دەنگداندا دیموکراسی هەڵدەستێت بە پاراستنی مافەکانیش. پاراستنی مافەکانیش پێویستی بە بوونی سیستمێکی قەزائی سەربەخۆ هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت لە عێراقدا پەرە بە سیستەمێکی لەو چەشنە بدرێت، بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەتی زۆرینە دروست نەبێت.

*** لە عێراقدا پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان بۆتە هۆی ئەوەی چەند پارتێکی ئاینی باڵادەست بن، ئایا ئامانجی ئەمەریکا گۆڕینی دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێن بۆ دیکاتۆرییەتی ئاینی؟**

- ئەوە کێشەیەکی گەورەیە لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگدان لە فەڵەستیندا بوونە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی حەماس دەسەڵات بگرێتەدەست، بە هەمان شێوە لە جەزائیردا سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، هەر بۆیە ئەوە یەکێکە لە گرفتەکان کە سازدانی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئەو پارتە ئاینییانە دەسەڵات بگرنە دەست کە پابەند نابن بە بنەماکانی دیموکراسییەوە، من پێموانیە نموونەیەکی ئیجابی هەیە کە ئاماژەی پێبکەن کە تورکیایە، هەرچەند پارتێکی ئاینی دەسەڵاتدارە لەو وڵاتەدا، بەڵام دیموکراسی لەو وڵاتەدا بوونی هەیە، کەواتە دەبێت کار لە گەڵ پارتە ئاینییەکانی عێراقدا بکرێت بۆ ئەوەی ڕێز لە دیموکراسی بگرن، هەرچەندە ئەوە ئەرکێکی ئاسان نییە.

هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگدان لە فەڵەستیندا بوونە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی حەماس دەسەڵات بگرێتەدەست، بە هەمان شێوە لە جەزائیردا سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، هەر بۆیە ئەوە یەکێکە لە گرفتەکان کە سازدانی هەڵبژاردنەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئەو پارتە ئاینییانە دەسەڵات بگرنە دەست کە پابەند نابن بە بنەماکانی دیموکراسییەوە

*** ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەی هاوکاری کردنی کوردەکان بۆ ڕزگاربوون لەم هەڕەشەیە؟**

-وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرپرسارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی هەوڵبدات ئەو دیموکراسییەتەی لە کوردستاندا هەیە بەرەوپێش بچێت، دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆڵی خۆی لە ڕۆڵێکی سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ ڕۆڵی سیاسییەوە بگۆڕێت و هەوڵی بەشداری پێکردنی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراقیش بدات بۆ ئەوەی پاراستنێکی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکان دابین بکات.

پرۆفیسۆر ئۆلی پرۆتسکی بەڕێوەبەری سەنتەری ئەوروپا بۆ مەسەلەی کەمینەکان بۆ گوڵان:



# پاراستنی مافەکانتان پێویستی بە گەرەنتی دەستووری هەیە

پرۆفیسۆر ئۆلی پرۆتسکی، بەڕێوەبەری سەنتەری ئەوروپایە بۆ مەسەلەی کەمینەکان و یەکێکە لەو کەسانەی کە چاودێرە بەسەر مافی کەمینەکان لە وڵاتانی فرە نەتەوە بەتایبەتی لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دروست بوون هەروەها دەوڵەتەکانی یۆگسلافیای پێشوو.
سەبارەت بە پاراستنی مافی کەمینەکان لە چوارچێوەی دەستووردا ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەوەی بە ڕێگەی سندوقی دەنگدان دیکتاتۆر دروست نەبێت، پرۆفیسۆر ئۆلی پرۆتسکی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.

**ڕێو شوێنی پێویست بۆ دروست نەبوونی تاکڕەوی زۆرینە بریتییە لە بە دامەزراوەییکردنی مافەکانی کەمینە**

***ئەوە روونە کە دیموکراسی پێکهاتووە لە زۆرینە و کەمینە، زۆرجار زۆرینە مافی کەمینە زەوت دەکات، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتونین مەترسی زۆرینە بڕەوێنینەوە؟**

- ڕێوشوێنی پێویست بۆ دروست نەبوونی تاکڕەوی زۆرینە بریتییە لە بە دامەزراوەییکردنی مافەکانی کەمینە، لە حاڵەتی عێراقدا، دەبێت لە بە دامەزراوەیکردنی حکومەتەوە دەست پێبکەین، لە هەمان کاتدا دەتوانریت مافی ئەوە بە کەمینەکان بدرێت کە خۆیان حکومڕانی کاروبارەکانی خۆیان بکەن، کە لێرەدا پێویست بەوە دەکات کە سنووری ئەو ئۆتۆنۆمیە لە بەڕێوبردنی کارەکاندا لە لایەن کەمینەوە دیاری بکرێت، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆ دەبێت لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا. ئەوە هەم پرۆسەیەکی سیاسییە و هەم پێویستی بە گفتوگۆ دەبێت لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا کە زۆرجار پێویست بە بەشداری کردن و ناوبژێوانی کردنی نێودەوڵەتیش دەکات، لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و یەکلایی کردنەوەی ئەرکێکی ئاسان، بە تایبەتی ڕێککەوتن لە سەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی و هەرێمە فیدراڵییەکان.

**دەبێت لە دەستووری وڵاتەکەدا ئەوە یەکلاییکرێتەوە حکومەتی مەرکەزی لە چ بوارێکدا دەتوانێت یاسا و ڕێساکان دەربکات**

***لە وڵاتانی فرە نەتەوە فرە ئاییندا، بە زۆری نەتەوە کەمینەکان دووچارە هەڕەشە و مەترسی زۆرینە دەبنەوە لە مەسەلە بنەڕەتییەکاندا لە کاتی دەنگدان لە ناو پەرلەماندا، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت لەم حاڵەتەدا مافەکانی نەتەوەی کەمینە بپارێزرێت؟**

- لە راستیدا دەبێت لە دەستووری وڵاتەکەدا ئەوە یەکلاییکرێتەوە کە لە چ بوارێکدا حکومەتی مەرکەزی دەتوانێت یاسا و ڕێساکان دەربکات بۆ ڕێکخستنی کاورباری ئەو بوارە، هەروەها دەبێت ئەوەش دیاری بکرێت کە مەسەلەگەلێك تەنیا پەیوەستە بە کەمینەکانەوە ئەوان دەتوانن لە بارەیەوە بڕیار بدەن، زۆرجاریش دەکرێت بە هاوبەشی بڕیار لە بارەی چەند بوارێکی دیاری کراوەوە بدەن، بۆ نموونە دەکرێت سیاسەتی پەروەردە لە ناو کەمینەیەکی دیاری کراودا، تەنیا لە لایەن خودی کەمینەکەوە دابڕژرێت، یاخود تەنیا دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بێت، یاخود دەتوانن بە هاوبەشی بڕیاری لە بارەوە بدەن. ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆ و ڕێککەوتنی سیاسیی هەیە بۆ یەکلایی کردنەوە و دیاری کردنی دەسەڵات و سەڵاحیەتە حەسری و هاوبەشەکان هەیە.

***هەروەك ئاشکرایە کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و عەرەب، لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی بچووکی وەك تورکمان و ئاشوریەکان، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە عەرەبەکان بە حوکمی زۆرینە هەوڵ دەدەن مافەکانی نەتەوەکانی دیکە زەوت بکەن، ئایا تا چەند دیکتاتۆرییەتی زۆرینە ئایندەی عێراق دووچاری مەترسی دەکات؟**

**ڕێوشوێنی پێویست بۆ دروست نەبوونی تاکڕەوی زۆرینە بریتییە لە بە دامەزراوەییکردنی مافەکانی کەمینە، لە حاڵەتی عێراقدا، دەبێت لە بە دامەزراوەیکردنی حکومەتەوە دەست پێبکەین**

- من پێم وایە پرۆسەیەکی سیاسیی بەردەوام هەیە دەربارەی تەرتیباتە دەستوریەکانی ئایندە لە عێراقدا، تێگەیشتنێکی گشتی هەیە کە کەمینەکان شایستەی بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمین. من پێم وانییە ئەم پرۆسەیە ببێتە هۆی خولقاندنی دیکتاتۆرییەتی زۆرینە، بە هۆی فشاری نێودەوڵەتی و بەرهەڵستی کەمینەکانەوە، زۆرینە ناچار دەبێت خواست و داواکارییەکانی کەمینە لەبەرچاو بگرێت. ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆ و سازشکردن دەبێت، تاوەکو هەردولا دەگەنە رێککەوتنێك بۆ دیاری کردن و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتە حەسریەکان و دەسەڵاتە هاوبەشەکان کە پێم وایە ئەمە رێگاچارە و چارەسەرێکی سەرکەوتووە.

***ئەگەر دیموکراسی تەنیا پێکهاتبێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەوا لە کاتی دەنگداندا زۆرینە و کەمینە دروست دەبێت و زۆرینەش زاڵ دەبێت و مافی کەمینە زەوت دەکات، ئایا پێت وانییە ئەگەر دیموکراسی تەنیا دەنگدان بێت، ئەوا دیکتاتۆریەت دروست ناکات؟**

-لە راستیدا ئەوە پێویستی بە زەمانەتی دەستووریی و یاسایی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر لە دەستوری عێراقدا برگەیەك بچەسپێنرێت کە کوردەکان خۆیان بڕیار لە سیاسەتی پەروەردە دەدەن لە هەرێمەکەی خۆیاندا، ئەوا زۆرینە ناتوانێت ئەم مافەیان لێ زەوت بکات، لەبەر ئەوەی لە دەستووردا جێگیر کراوە، بە دڵنیاییەوە زۆرینە دەتوانێت هەوڵی گۆڕینی دەستووری بدات، بەڵام ئەمە دەبێتە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و مشت و مڕێکی زۆری لێدەکەوێتەوە و روبەڕوی بەرهەڵستکاری ناوخۆی و دەرەکی دەبێتەوە. راستە دیموکراسی بە مانای حوکمی زۆرینە دێت، بەڵام دەبێت مافی کەمینەکانیش لە دەستووردا بچەسپێنرێن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی دەنگداندا لە لایەن زۆرینەوە مافەکانیان پێشێل نەکرێت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەمە پرۆسەیەکی سیاسییە و پێویستی بە گفتوگۆ دەبێت لە سەر دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی مەرکەز و هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان، بۆ ئەوەی ئەوە یەکلاییکرێتەوە، ئایا هەرێمە ئۆتۆنۆمەکان دەتوانن لە چ بوارێکدا سەربەخۆ بن لە بڕیارداندا.

*** لە عێراقدا پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان بۆتە هۆی ئەوەی چەند پارتێکی ئاینی باڵادەست بن، ئایا ئامانجی ئەمەریکا گۆڕینی دیکتاتۆرییەتی سەددام حوسێن بۆ دیکاتۆرییەتی ئایینی؟**

-لە راستیدا چەند رێ و شوێن و رێسایەکی هەیە لە پرۆسەی دیموکراسیدا کە دەبێت هەموو لایەك پێوەی پابەند بن، مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت کەشێك بڕخسێنرێت کە هەموولایەك بتوانێت بە ئازدای گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات و ململانێ و رکابەرایەتی بکات، رەنگە لە پرۆسەی ململانێکردن و دەنگداندا پارتە ئیسلامییەکان جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست، بەڵام دەبێت پابەند بن بە بنامەکانی دیموکراسیەوە، رێز لە ریساکانی دیموکراسی بگرن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان نەدەن، واتە ئامادەبن دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووچاری شکست هاتن و هەڵگری ئەجێندای دەرەکی نەبن، لەبەر ئەوەی لە دیموکراسیدا ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات هەیە و نابێت هیچ لایەك تا سەر دەسەڵاتی لە دەستدا بێت.

**دەبێت زەمانەتی دەستووری هەبێت بۆئەوەی هەڵبژاردنەکان سەرنەکێشن بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری**

***زۆرجار دیکتاتۆرەکان بە هۆی دەنگدانەوە دەسەڵات دەگرنە دەست وەك هیتلەر و مۆسۆلۆنی، چۆن دەتوانین خۆمان لەم دەرئەنجامە بپارێزین؟**

- راستە بە هەڵبژاردن و لە رێی دەنگدانەوە دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەڵام یەکەم کارێك کە کردنیان لە ناوبردنی دیموکراسی بوو، لەبەر ئەوە دەبێت زەمانەتی دەستووری و دامەزراوەیی هەبێت کە هەڵبژاردنەکان سەرنەکێشن بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری، لێرەدا دەبێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی خۆیان ببینن، دەبێت سیستمێکی قەزائی و یاسایی سەربەخۆ هەبێت کە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و دەسەڵاتداران ناچارکەن پابەند بن بە رێسا و بنەماکانی دیموکراسیەوە. ئەمەش وادەکات ئەگەر پارتە ئیسلامیەکانیش بگەنە دەسەڵات ناچار دەبن دەرفەت بۆ بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان بڕەخسێنن و پابەند بن بە رێساکانی گەمەکەوە.

*** تەنیا لە کوردستاندا ئەزمونێکی دیموکراسی بەدی دەکرێت، بەڵام ئەم ئەزموونە لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی عەرەبە شیعە و سوونەکانی عێراقدایە، ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەی هاوکاری کردنی کوردەکان بۆ رزگاربون لەم هەڕەشەیە؟**

-دەبێت ئێوە پشتگیری لە گفتوگۆی سیاسیی بکەن لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی کوردستان، دەربارەی زەمانەتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و دەربارەی دەسەڵات و سەڵاحییەتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆی. بەو شێوەیە دەتوانن بەردەوامی بە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی بدەن لە هەرێمەکەتاندا.

***دووا ووتەت بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- من پێم خۆشە ئەوەتان پێ بڵێم کە جیهان چاودێریتان دەکات، خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان ناخۆشی زۆریان چەشتووە و بە قۆناغی گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێدەپەڕن، بەدەستهێنانی دیموکراسی ئەرکێکی سەختە، بەڵام دەبێت پابەند بن بە بیرۆکەی دیموکراسی و بە حکومڕانێتی دیموکراسییەوە. هەروەها دەبێت لە سەر ئاستی حکومەتی مەرکەزی و حکومەتە ئۆتۆنۆمیەکان هەوڵی جێگیرکردنی دیموکراسی بدرێت.

**راستە دیموکراسی بە مانای حوکمی زۆرینە دێت، بەڵام دەبێت مافی کەمینەکانیش لە دەستووردا بچەسپێنرێن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی دەنگداندا لە لایەن زۆرینەوە مافەکانیان پێشێل نەکرێت**

**دەبێت زەمانەتی دەستووری و دامەزراوەیی هەبێت کە هەڵبژاردنەکان سەرنەکێشن بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری، لێرەدا دەبێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی خۆیان ببینن، دەبێت سیستمێکی قەزائی و یاسایی سەربەخۆ هەبێت کە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن**